شانۆنامەی

# کەڵەگاکان

نووسینی: ئەنوەر قادر رەشید

دەرهێنانی: هاوڕێ قادر رشید

کاراکتەرەکان

موراد

عیبرەت

زەینەڵ

مام ئەحمەد

عەزیز

شێت

شاعیری شار

ئەمین

وەزیر

سەرۆکی ژەندرمە

باش بازرگان

حاجب

والی

حەکیم باشی

شاعیری دەربار

راوێژکار

جارچی(١)

جارچی(٢) (ئافرەتە)

دانیشتوانی شار– ژەندرمە– سەربازی سوپا– سیخوڕ...

کەڵەگاکان

## بەشی یەکەم

### دیمەنی یەکەم

(پاش سەرکەوتنی شۆرشێکی درێژخایەن و خەباتێکی نەفەس درێژی خوێناوی، چەند لاوێك بەختیاری و کامەرانی خۆیان دەردەبڕن)

یەکەم: کوڕینە ئەمرۆ رۆژێکە، ئەبێ بەوشەی زێڕین لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و نوێمان بنووسرێتەوە. (خەیاڵ دەیباتەوەو، ئەوانی تریش وەك چاوەڕوانی ئەو خەیاڵ بردنەوەیەیان کردبێت، تێ دەڕوانن) کوڕینە، ئەزانن من نائومێد بوو بووم؟.. چرای هیوام بەتەواوی کز بوو بوو.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دووەم (بەپێکەنینەوە) ئەوە پڵێتەکەی پیس بوە..
یەکەم لە ولاتێکا زیندان لە قوتابخانە زیاتر بێ.. لە ولاتێکا سیخوڕو تاوانبارو بەدڕەوشت بالا دەست بن‌و مرۆڤی دڵسۆزو رۆشنبیرو لەخۆ بوردوو لەجیاتی ژیانی ئاسودەو دنیای بەریتی خۆشەویستی، دەستێکیان لە ملی چەك‌و ئەوی تریان بەزەبری ترس‌و دڵەڕاوکێ لەسەر دڵیان بێ.. لە ولاتێکا خونچەی هیوا بەبەرچاوتەوە هەڵوەرێ‌و مۆتەکەی...
سێهەم (قسەکەی پێ دەبڕێ) وەرەوە برا وەرەوە.. خۆ پەتی بۆ کۆلارەی خەیاڵی بەرداوەو خەریکە بەری ئاسمانی پێ ئەگرێ.
دووەم/ ئێمە هاتووین ئاهەنگی ئازادی بگێڕین‌و ڕابووردوو بکەین بەیادگار.
یەکەم/ مێژوو نابێ بەیادگار، مێژوو دەرسە، دەرس.
چوارەم/ ئەم ئازادیەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە لە دوێنێ داپچڕاو نیە. ئەڵێ‌ی یادتان نیە ئەم گەلە روباری خوێنی داوە تا بەم رۆژی گەیشتوە.
یەکەم/ تەواو.. رۆژانی نەهامەتی‌و زۆرداری تەواو. میری ئەمڕۆ لە کانگای میللەتەوە هەڵقوڵاوە. هەموو لێپرسراوانی ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم گەلەن..
چوارەم/ ئەوی من ئەیزانم ئەوەیە باسی سیاسەت‌و کوشتن‌و بڕین‌و زیندان‌و ئازارو ئەشکەنجە بوون بەبەشێك لە ژیانمان‌و ئێستاو دوارۆژیش ناتوانین بەئاسانی لەو رۆژە تاریك‌و نووتەکانە دەرباز بین. ئەوەتا هاتووین ئاهەنگ بگێڕین، کەچی وەرگەڕاینەوە سەر رۆژانی نەهات. پێویستە ئەو رۆژانە هاندەر بن، نەك ببن بەکۆسپ بۆ بنیادنانی بناغەی دوارۆژێکی رۆشن‌و درەوشاەی ئاسۆی رەنگین‌و بەختەوەری.
یەکەم/ ئەزانن کوڕینە؟! دوێنێ کە سەرۆکی پێشەوا لە ئیستگەوە قسەی ئەکرد، وام هەست ئەکرد، دڵم ئەیەوێ لە قەفەزەی سنگم یاخی بێ‌و هەر زەررەیەك لە ئەندامی لەشم سەمایان ئەکرد. هەستم ئەکرد قورساییم نەمابێ‌و لە هەوادا مەلە بکەم.. ناو مێشکم ئەوەندە تێکەڵ‌و پێکەڵ بوو بوو، هیچم لە هیچ بۆ جیانەئەکرایەوە. هەستێکی بەلەزەتە پیاو لە چاو تروکانێکا. ئومێدو هیوای نیمچە بڕاو، وەك تیشکی رۆژ هەموو ژیان  رۆشن بکاتەوەو لەپڕ رۆژانی رەش‌و نەهات بچنە خانەی رابوردووەوە.
سێهەم/ لەوە ناچێ رۆژانی رەشمان وا بەئاسانی لەبیر بچێتەوە.. تا لە رابوردوشا بژین داهاتوومان نابێ.
چوارەم/ گەلێك شەهیدی لە زیندوو زیاتر بێ، چۆن ئەتوانێ رۆژانی خەباتی بیر بچێتەوەو بیخاتە خانەی یادگارەوە. راستە ئێمە ئەبێ دوارۆژ بنیادنێین‌و ئاواتی شەهیدو تێکۆشەرەکانمان بهێنینەدی. بەلام ناکرێ یادگارەکانیشمان لە قوژبنێکی تاریکی مێشکمانا بشارینەوە.. ئەو رۆژەی بەهەموومان هەوڵمان بۆ ئەدا وا هاتەدی. ئەی دوای ئەوە؟!. ئایا ئەبێ ئێمە هەموو دوارۆژ بخەینە سەرشانی لێپرسراوان؟. دوارۆژ لە ئەستۆی هەموومانە.. ئەم رۆژەش بەکۆمەکی هەمووان هاتوەتەدی.
(لەکاتی قسەکردنی چوارەمدا –دەروێش موراد– دەردەکەوێ.. ئاودامان سپی، دەف بەدەست‌و کەشکۆڵ لە کۆڵ، ئەوان سەرگەرمی قسەو دەمەتەقێ‌ی خۆیانن‌و هەست بەهاتنی دەروێش موراد ناکەن)
موراد/ سەلامو عەلەیکوم
(ئەوان نە دەروێش دەبینن‌و نە قسەکانیشی دەبیستن، ئەوان هەر بەردەوامن لە دەمە تەقێ‌ی خۆیان)
دووەم/ ئەرێ کوڕینە ئێمە مەسەلەکەمان بادایەوە سیاسەت‌و رۆژانی رەش، تکایە با بێینەوە هۆش خۆمان‌و ئەم رۆژە خۆشانەش لە خۆمان تێك نەدەین..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکەم/ بەوە دێینەوە هۆش خۆمان کە واز لە ئاهەنگو هەڵپەرکێ بهێنین.. قوتابخانەکان دەرگایان داخستوەو خەریکی سرودو وتار خوێندنەوەن، فەرمانبەران کاری خۆیانیان بەجێ هێشتووەو بەئاهەنگ سازکردن و سەماکردنەوە خەریکن، هەرکەسە کاری خۆی پشت گوێ خستوەو هەموو سەرگەرمی سەماو هەڵپەڕکێن.. پێم وایە کای ئەوە هاتووە. هەر شتە لەجێی شیاوی خۆی جێگیربێ و رێی دوژمنانمان نەدەین لە غەفڵەتی زەماوەندا خەنجەری ژەهراویمان لێ بوەشێنن.

موراد/ برایان گوێتان بۆ من شل ئەکرد؟!..

(ئەوا تا کۆتایی دیمەنەکەش هەر ناتوانن دەروێش ببینن و قسەکانی ببیستن)

چوارەم/ کێ حەدی هەیە زەفەرمان پێ بەرێ. ئەوی بڵێ لەل، لەلی ئەبڕین. دوێنێ مێژووی ژیانی (زاڵ شا)م ئەخوێندەوەو، ئینجا زانیم مێژوو چەند نموونەی درەوشاوەی تیایەو چەند پاڵەوانی وەك زاڵ شا مێژووی مرۆڤایەتیان رازاندوەتەوە.

پیاو کە مێژووی ژیانی ئەو قارەمانە ئەخوێنێتەوە بۆی دەرئەکەوێ داهاتوومان رۆشن ئەبێ و کەس ناتوانێ دوارۆژمان تاریك بکا..

یەکەم/ تازە ئەو رۆژە ڕۆی کەس بتوانێ دەست لە داهاتوومان وەردا..

موراد/ ئەوی ئەیەوێ داهاتووی هەبێ، ئەبێ دەرس لە رابوردوو وەرگرێ. رابوردوو مێژووی راستەقینە، نەك ئەو مێژووەی بالادەست نووسیویەوەو وشەی راستی تیا نەماوە (کەس گوێی ناداتێ. ئەوان بەئیشارەت و دەم جوڵاندنەوە هەر خەریکی گفتوگۆی خۆیانن و دەروێشیش بۆ بینەران دەدەوێ و نەئەوان هەست بەبوونی دەروێش دەکەن و، نە دەروێشیش گوێ بەوان دەدا) ئەمەوێ لێرەدا فرسەت وەرگرم لەوانەی گوێیان لێم نیەو بۆ ئێوەی بەرێز، سەرگوزشتەی رۆژانێکی نادیار لە مێژوویەکی نەنوسراوە بگێڕمەوە. هەر بۆ ئەوەی مۆرکی روونەداوی پیا بلکێنن و بەرگی هەقایەتی بەبالا ببڕین. پۆلیس و ژەندرمەمان بەیەکەوە لکاندوەو جارێکی تر پیا دەچینەوە بەمەبەستی کەڵك وەرگرتن لە مێژووی ژیانی زاڵ شا.

(بەدەفەکەی ئیقاع دەگرێ و بەدەنگێکی زوڵاڵی کوردەواری دەچڕێ)

ئەو رۆژگارەی مێژووی ژیانی پڕ شەرمەزاری (زاڵ) شایە

راسیەکە لە جێی مێژووی نوسراوەمان، لە دڵدایە

رۆژگارێ بوو دەرسی بەهاو زەوقی میللی و خۆشەویستی

بوونە مردن. سەرکوت کردن. ئابڕوو بردن لە پێناوی پلەوپایە

ماڵی زەینەڵ

(کات و زەمانێکتی کۆن لە مێژوو.. شانۆنامەکە لێرە بەدواوە هەر ئەو کات و شوێنە کۆنەی نادیاری لاپەڕەکانی مێژووەوە.)

(زەینەڵ لە جێگادا خەوتوەو عیبرەتی خێزانی خەبەری دەکاتەوە)

عیبرەت/ ئەرێ کابرا تێر خەو نەبوویت، خەوی مەرگت بێ؟!..

زەینەڵ/ (لەژێر لێفەکەوە سەر دەردێنێ) بەعەشرەتتەوە بەقوبانم بن..

عیبرەت/ یاڕەبی هەرچی کەس وکارو عەشرەتم هەیە خێر لە خۆیان نەبینن، وەك تووشی ناکەس بەچەو تەمەڵ و تەوەزەلی وەك تۆیان کردم..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەینەڵ/ دە توخوا ئەمە وەزعە بەدەست عیبرەتە رشکنەوە؟!.. بەم سەباهی ساڵحانە بەشاتەشات‌و دەم هەراشی دنیام لێ پڕ ئەکا، هێشتا خێرو شەڕ بەش نەکراوە، ناهێڵێ خەو بچێتە چاوم...

عیبرەت/ (بەتەوسەوە) ئاخر بەقوربانی بەژن‌و بالاَت بم، ئەترسم لەژێر ئەو لێفەیەدا بۆگەن بکەی.. هەی باڵت نەگەڕێ، رەفیقی تۆ حەوت چین پارەی پەیاکردووە. توخوا قەد بوە پیاو ماڵ‌و مناڵی رووت‌و رەجاڵ بن‌و خۆی بێ باك لەژێر لێفەدا درێژبێ؟!.. ئافرەت شوو ئەکا لە ماڵی مێردا بحەسێتەوە. نەك وەك من نەگبەت‌و بێ کەس‌و بێ دەرەتان.

زەینەڵ/ دیسان سازو سەنتووری بەیانیانە.. کچێ ئافرەت خوا بناسە.. من تا بەرەبەیان هەر سێ‌و دووم کردوەو چاوم نەچووەتە خەو.

عیبرەت/ ئەمجارەیان بەتەمای چی بکەی؟... خۆ بەناشکوری نەبێ هیچمان نەماوە بیفرۆشی‌و بیکەی بەگەرووی جەندرمەکانا.. هەر ئەو چەند مریشك‌و کەڵەشێرە بوو ئەویشت فرۆشت‌و دەستت لە بنی هەمانەکە هاتەدەر، قەدبووە پیاو (دە) مریشك‌و کەڵەشێر بدا بەیەك شووتی؟!.

زەینەڵ/ خوا بەقوڕی بگرێ بۆ چ وڵاتێکە.. نە پێکەنینی تیا ماوە نەژیانی تیا ماوەو نەئەهێڵن نانی تیا پەیاکەی..

عیبرەت/ (لاسایی زەینەڵ دەکاتەوە) ئافرەت پیاو ئەو پیاوەیە لەبەردی رەق نان پەیاکا. ئێمە کەڵەشێرو مریشکمان بۆچیە، کە نان نەبێ بیخۆین.. ئێستا لە گەرمیان شووتی پێگەیوە. ئەچم پارەی مریشکەکان ئەدەم بەشووتی‌و لێرە بەچوارقات ئەیفرۆشمەوە. تەنیا ئەوانە ئەتوانن بیکڕن کە ژنیان بێزو ئەکا یا مناڵیان نەخۆشەو داوای ئەکا.. لەگەڵ دەوڵەمەندەکانی شار.

زەینەڵ/ ئەگەر بۆم بگەیشتایە جێ وات نەئەوت. من بڵێم چی لە گەرمیانەوە تا ئێرە چوار دەرگای باج گرتن‌و سەرانەیان داناوەو هەر دەرگایەك‌و بارەکەت لەگەلاَ ئەکا بەدووکەرتەوە (وردە وردە لە جێگاکەی هڵدەسێ‌و قسەکانی لە ناخی دڵیەوە دەردەچن) یەك بەیەکیان رزقی مناڵەکانمیان لەگەلاَ بەش ئەکردم. پارەکەم کەم نەبوو. بەزمانی لووس‌و قسەی خۆش شانزە شووتیم پێ کڕی. لە دەرگای یەکەم هەشتیان لێ سەندم، دەرگای دووەم هەشتەکەی تریان لەگەلاَ کردم بەدوو بەشەوە، دەرگای سێهەمیش دوانیان لە چوارەکە بردو دەرگای چوارەم یەك شووتیان پێ هێشتم. پیاو چۆن ئەتوانێ بەپارەی یەك شووتی هەقی (دە) مریشك‌و کەڵەشێر دەربهێنێتەوە. نازانم چۆن پارەکەی خۆمم دەست بکەوێتەوە، تا بەیانی گینگلم داوەو سێ‌و دووم کردوە. ئەڵێم ئەوەندە جوێن بەوالی‌و سوڵتانی سەگباب بدەم تا دەستم لە شتێك گیر ئەبێ یان خۆم دەسگیر ئەکرێم، بەس نیە لە زیندانا بەئیسراحەت لێی ئەنووم؟!.

عیبرەت/ کورە هەتیوە کەللە زلە چۆن دڵت دێ لە من جیابیتەوە، ئەم مناڵە رووت‌و رەجالاَنە بۆ کێ بەجێ ئەهێڵی. جا خۆ من دوو رۆژ چاوی تۆم لێ دیار نەبێ سوێم ئەبێتەوە..

زەینەڵ/ بەناهەق ناویان نەناوی عیبرەت دەم هەراش.. ئێستاش بەزمانی لووس تەفرەم بە. چۆنت بۆ لوا وا بکە.

عیبرەت/ ئاخر زەینەڵە گیانەکەم، حەیرانی بالاَت بم. خۆ ئێمە لەدارەی دنیا هەرتۆ شك ئەبەین. راستیان وتوە برسێتی رەگی هاری بەدەمەوەیە، کە ئەو مناڵانە ئەبینم نەپڕ بەسکی خۆیان ئەخۆن‌و نە بەدڵی خۆیان ئەپۆشن. قرچە لە دڵمەوە یەت.

زەینەڵ/ دە ئافرەت رێگایەکم پیشان بدەو بیگرم. ئاخر سەر بەکوێوە بنێم چ ئیشێ بگرمە دەست؟.

عیبرەت/ پیاوەکە تۆش وەك ئەو عالەمە، کرێکاری بکە، شاگری بکە، حەماڵی بکە. کورە خزمەتکاری...

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەینەڵ/ (قسەی پێ دەبڕێ) ئینجا توخوا بەریشی تۆ رەوایە من ئەو ئیشانە بکەم؟. بۆچی سەرانسەری ئەم وڵاتە بگەڕێی چەند خوێندەواری تیایە؟. ئەگەر نەهامەتی نەبوایە، ئەبوو من قازی بوومایە..

عیبرەت/ وەی گیانم دەرچێ، بەخوا ئەبوو والی بوویتایە..

زەینەڵ/ هەقی خۆتە گاڵتەم پێ بکەی.. کە تۆ ئەو ئەقڵت بێ وابزانی والی لە قازی گەورەترە. کچێ نەفام هەزار والی یەتو ئەڕوا بەڵام قازی لە جێی خۆیەتی. لە روباری ولایەتا والی ئاوەو قازی زیخ.. والی هەر ئەوەندە لەجێی خۆیەتی تا سوڵتان لێی رازیە. بەڵام قازی هەر قازیە، مەگەر مەرگ بواری نەدا (خەیاڵ دەیباتەوە) تەنیا ئەو ماوەیە نەبێ کە کەس بەکەس نەبوو. خەڵکی دێهاتو شار قازیان کوشتو منو دەفتەرو یاساو قەنارەو فەلاقەیان سپارد بەموراد (عیبرەت بەناڕەزاییەوە دەست رائەوەشێنێو بەجێی دەهێڵێ) ئای کە نەفام بووم.. لەگەڵ قازی پێشوو تەرازووی عەدالەتمان بەلای پارەدارا ئەشکانەوەو لە گیرفانی دەوڵەمەندو خوا پێداوەکانەوە بڕیارمان دەرئەهێنا.. تا ئەو خەڵکە قازیان بەسێدارەکەی خۆماندا هەڵواسیو مورادیان کرد بەقازی. ئای لەو چاو نەترسیەی موراد. دەردی خۆی ئەیوت، ئەوی هیچی نەبێ لە هیچ ناترسێ، منیش ئەو کاتە لایەنگری ئەوانە بووم کە پاشقولیان لە موراد ئەگرت.. رۆژانێکی سەیر بوون. ئەوی هەژاران بەدەستیان هێنا بوو، هەر خۆیان لە دەستیاندا. جەندرمەو پیاوانی هەردوو والیو سوڵتانیش هەر لە هەژاران بوون. وام ئەزانی بۆ من بەردەوام ئەبێو باوەڕم بەموراد نەئەکرد کە ئەیوت "هەر ئەوەندە تۆیان ئەوێ تا پێویستیان پێتە. کەی لەتۆ چاکتریان دەستکەوت، تۆ تووڕ ئەدەن".

لەناخەوە باوەڕم بەقسەکانی بوو. بەڵام گیرفانو بەرتیل گێژو بەنجیان کردبووم. ئای موراد خۆزگە لێرە بوویتایەو پێت بووتمایە چی بکەم. دەردی خۆت ئەتوت پیاو ئەبێ بەخەیاڵ وابزانێ مریشکی برژاو ئەخوا.

بەڵام پێم نالێی ئەو خەیاڵە چۆن منالی پێ تێر ئەکرێ؟. ئای تێرو تەسەلەکانی شار رزقی ماڵو مناڵەکانمانتان لەورگی زلتانا شەتەك داوە. چاوی زەقی برسیتان مەگەر بەگڵ پڕبێتەوە. فەرموون ئەوە زەینەڵ وازی هێنا. هەزارەها زەینەڵی تر دروست بوەوە. هەرکەسەو لەئاستی خۆیەوە زەینەڵێکە. ئای زەینەڵ چۆن داوگیری زەینەڵەکان بووی. ئەزانی عیبرەت؟!. (هێشتا نازانێ عیبرەت رۆیوە). ئەگەر ئەقڵی ئێستام ئەوسا بوایە، قەد پشتی مورادم لە زەوی نەئەدا. ئاخر منیش ئەوکاتە ناهەقم نەبوو، لەم رۆژە ئەترسام، کە بێ پارەیی رسوام بکا

عیبرەت/ (بەپرتاو خۆی ئەکا بەژووردا) ئەزانی ئەمشەو چی قەوماوە؟!

زەینەڵ/ (وەك لەخەو خەبەری بێتەوە) ها؟!. چی؟. چی بوە؟.

عیبرەت/ ئەمشەو داویانە بەسەر عەماری باش بازرگاناو لایەکیان بەتاڵ کردوە

زەینەڵ/ دەستیان خۆش بێ.. با هیچ نەبێ بەشێك لە ماڵی دزراوی خەڵك بسێننەوە

عیبرەت/ دووعا بکە شەوێکیش نەدەن بەسەر ئێمەدا. بە ناشکوری نەبێ ئەوەندە لوتت بەرزە، کەس نازانێ بێ شێو سەر ئەنێینەوە.

زەینەڵ/ ئەی ئافرەت چیت ئەوێ؟. جاڕ بەم کە نیمانە و لە برسا لاکەی سەرمان دێ؟

عیبرەت/ ئەوەتا هەموو دەر و دراوسێ ئازووقەی عەماریان بەرکەوتووە، تەنیا ئێمە نەبین. هەر یەکەیان لەبەر هەیوانا بەشی خۆیان بۆ دانراوە.

زەینەڵ/ کچێ ئەوە تۆ وڕێنە ئەکەی؟! بەشی چی و دراوسێی چی؟!.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عیبرەت/ زەینەب و حەلیمە باسیان ئەکرد چییان بەر کەوتووە، کە منیان دی بێدەنگ بوون. وەرە سەیرکە ماڵی سالە قەموور هێشتا بەشەکەی خۆیان لەبەر هەیوان دەستکاری نەکردووە. ئەیانوت، لە ڕۆن، برنج، ساوەر، شەکر. کورە ئیتر چووزانم، ئەوی پێویستی ماڵ بێ بۆیان هاتووە.
زەینەڵ/ ئێمە دەست لە کەس پان ناکەینەوە. هەستە شووتیەکەم بۆ بێنە با ببیەم بۆ بازاڕ..
عیبرەت/ ئەی تۆ بە تەما نەبووی بە دیاری ببیەی بۆ والی و مەسەلەکەشی تێ گەیەنی؟!.
زەینەڵ/ پاش ئەوەی لە مێشکما باش تاووتوێم کرد و بیرم لێ کردەوە. گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو مەسەلەیەش بە زەرەر ئەگەڕێتەوە. ولاتێك تا ناوشار چوار دەرگای باج و سەرانەی هەبێ، مەعلووم تا ئەگەیتە لای والی بیست دەرگای هەیە و والی ناوکەکەشی بەر ناکەوێ. پاش ئەوە کێ ئەڵێ ئەتوانم والی ببینم؟. لەبەرئەوە بۆ ناو پەیا کردن شووتیەکە لەگەڵ خۆم ئەگێڕم..
عیبرەت/ ئەی بێ دەرەتان خۆم بە دەست ئەقڵی تۆوە. کورە پیاوەکە ناگەیتە سەری ئەم کۆڵانە، جەندرمە لێت ئەسێنن.. لەم ڕۆژەدا کێ ئەوێرێ شووتی بنێتە بن دەستی..
زەینەڵ/ ئاخر ئەوە ئەقڵەکەتە!.. جاران کە پێمان ئەوتن ڕۆژانی ڕەش، یاسا و دەستوور لەگەڵ پیاوی دەوڵەمەند و خواپێداو بوو. بەرامبەر یەك لای قازی ئەوەستان و، قازیش حوکم و هەقی ئەدا بەو خواپێداوانە. بەڵام ئێستا کام هەژار بۆ هەیە بگاتە لای قازی و کام قازی بۆی هەیە بنێرێ بە شوێن دەوڵەمەندەکانا. پارە و دەوڵەت گیرفان و خەزنەی پڕ ئەپارێزن. لەم ڕۆژەشا شووتی ڕەمزی پارەوپوولە و، وەك چەکدار وایە خۆی و منیش ئەپارێزێ. یەعنی ئەوی شووتی هەیە- ئەگەر خۆیشی هەڵیگرتبێ- هێشتا کەس ناوێرێ توخنی کەوێ..
-تاریکی-

-ناو بازاڕ-
(چەند دووکاندار و دەستگێڕێك، یەك دوو سەکۆ دروست کراون بۆ ئەوانەی قاوە دەخۆنەوە و لێی دەحەوێنەوە، قاوەخانەیەکی دەستگێڕ.. ئەوانەی دژ بە ڕژێم قسە دەکەن زۆر لەسەرخۆ و ئاگادارن، تەنیا دەروێش موراد و شێت و مام ئەحمەد نەبن، لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت)
مام ئەحمەد/ (دووکاندارە و لەگەڵ عەزیزی دراوسێ دووکانی دەدوێ) ئەڵێن ئەمشەوی ڕابوردوو، جەماعەت داویانە بەسەر عەماری باش بازرگانا و، لایەکی عەمارەکەیان چۆڵ کردووە.
عەزیز/ مام ئەحمەد لەسەرخۆبە، دار و دیوار گوێیان هەیە.. بە ناشکوری نەبێ گوێسوانەی ماڵەکانیشمان هەر جاسووسن..
مام ئەحمەد/ عەزیز تۆ مۆتەکەی جاسووس سواری کۆڵت بووە. ئەگینا جاسووسی چی و تەڕەماشی چی؟!.. خۆیان یەك بە یەکی شارەکە ئەناسن و پێویستیان بە جاسووس نییە..
عەزیز/ ئەگەر وا بووایە ئەم هەمووو چاوبزانەیان نەئەخستە ناوشار.
مام ئەحمەد/ کورە بابە هەرکەسە بە دزی خۆیەوە خەریکە، کێ سەر ئێمەی ئەپەرژێ..
عەزیز/ وا مەڵێ مام ئەحمەد، بەخوا کە دەستیان پێ کرد، تەڕ و وشك پێکەوە ئەسووتێنن..
مام ئەحمەد/ عەزیز دەست پێکردنی چی؟.. گوایە ماوە وێرانی کەن. بابەگیان ئەو خەڵکەیان گوشیی، چی ماوە بیکەن؟. باج و سەرانە تا قوڕقوڕاگەمانی گرتووە..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەگەر ئەو خێرخوایانەش نەبوونایە، نیوەی ئەم عالەمە لە برسا ئەمردن.. خوا دەست بە عومریانەوە بگرێ بۆ فەقیر و هەژاران..

عەزیز/ مام ئەحمەد تۆ ملت لە چەقۆ ئەسووی.. ئەوەی تۆ ئەیکەی بە من ناکرێ.

مام ئەحمەد/ با ئەمڕۆ ڕەنگ زەردەکانی دوێنێ ببینی، ڕەنگیان ئاڵ بووەتەوە و خوێنیان تیا گەڕاوە، ئەوسا ئەزانی چ خێرێکیان کردووە..

عەزیز/ (بە پێکەنینەوە) کوا من ڕەنگم ئاڵ بووە؟.

مام ئەحمەد/ یەعنی تۆش بەشت بەرکەوت؟

عەزیز/ هیچ ڕەنگم بەقەدەر دەنگی بەرزی تۆ زەرد ناکا!!.

مام ئەحمد/ پێشینان ڕاستیان وتووە "ئەوی بترسێ ناخەلەسێ". زۆرکەسی تریش وەك تۆ ترسان و پریشکی ئاگرەکەشیان هەر گەیشتێ..

عەزیز/ خوا بکا ئاخری خێر بێ.. ئێستا هەقی ئەو عەمارە، ئەوەندەی تر شت گران ئەکەن.

مام ئەحمەد/ ناتوانن. با کاروانی کاسبکاران بگاتەجێ، ئەو کاتە ناچارن شت هەرزان کەن..

شێت/ ئاوی ئاموون و توونی بابا چن..

عەزیز/ شێتە پەیا بووەوە و بەڵایەکی بە دواوەیە..

شێت/ ئاوی ئاموون و توونی بابا چن (دەردەکەوێ و بەرەو قاوەخانەکە دەچێ) لە پەنا ژنەکانتانا خۆتان مەڵاس دەدەن و منداڵ دەرفرتێنن، لە ناو ئاگرەکەشا هاوار کەن "ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە". "دەست بگرن بە کڵاوی بابردووتانەوە و بڵێن "دەست ئەگرین بە کڵاوەکەمانەوە–با– نەیبا". ئەی دەستیان لەسەرتان زیاد بێ میللەتی گوێ ئاگردان.

یەکەم/ (لە دانیشتوانی قاوەخانەکە–سەر سەکۆکە–) ئەوە مەزەی ئەمڕۆش خوا ناردی. ئا وەرە خوێڕی سوورڕێکمان بۆ بدە

شێت/ من خوێڕیم شەقاوەی شەق خواردوو؟!. خاڵەکەی سەر لووتت جوانە ئەڵێی مێشی سەر تەپاڵەیە..

یەکەم/ ئەوە چی ئەڵێی خوێڕی (خۆی ڕادەپسکێنێ لێی بدا و دووەم لە تەنیشتیەوەیە دەیگرێ).

دووەم/ کوڕە دە دانیشە مردووت مرێ. ئەوە شێت شێت. ئێ باوکم وەڵڵا ئێوە شێتتان کرد.. دە وازی لێ بێنە با تۆزێ سووك و چرووکمان کا. بە شەرەفم قسەکانی نەخشی بەردن..

شێت/ (پاش ئەوەی لە ترسا هەڵتروشکابوو، قیت دەبێتەوە) تاجی سەر و پەڕەی دڵمان سەرۆکی پۆلیسە.. کەس وەکو ئەوتان ناناسێ.. دەك دەست و قامچیت خۆش بێ بۆ پشتی بوودەڵە پیاوان..

مام ئەحمەد/ کوڕە شێتە واز لەو عالەمە بێنە. وەرە ئەو دەنکە نوقوڵە بخۆ و بڕۆ بەڕێی خۆتەوە (دەیباتە پەناوە و بە سووکی پێی دەڵێ) ئەمڕۆ ڕۆژی نییە بڕۆ خۆت ون کە.

شێت/ (گوێی ناداتێ) بۆ هەرکوێ ئەچم بوودەڵە پیاو ئەبینم، ئاوی ئاموون و توونی باباچن.. دەستی سەرۆکی پۆلیستان لەسەر زیادبێ.

(دوو جەندرمە لە پڕ پەیدا دەبن)

جەندرمە(١)/ چیتە شێتە گوێمان لە ناوی سەرۆکی پۆلیس بوو.

شێت/ ئەڵێم ئەم خەڵکە ئاژاوەچییە لە سایەی سەرۆکی پۆلیسا حەساونەتەوە.

جەندرمە(٢)/ مەبەستت چییە سەگەشێت؟.. یەعنی ئاژاوەچی حەساونەتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێت/ دیارە تۆش گوێت گرانە.. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر زەبر و چاوسوورکردنەوەی ئێوە نەبووایە، ئەم عالەمە یەکتریان ئەخوارد.. دەستەکانتان خۆش بێ ئەوەندەتان باج داناوە و ئەوەندە سەرانە ئەسێنن، بوون بە هاوبەشی شیری منالیش. خەمتان نەبێ ئەم میللەتە بە هیچ ناجوولێن. کە گوێش کراون وشەی (نەء) فێر نەکراون. ئێوەش بەڕاست و چەپا بیخۆن، نۆشی گیانتان بێ. کێ ئەتوانێ بڵێ بەری چاوتان کلی پێوەیە؟.

جەندرمە(٢)/ (لەگەڵ یەکەم قسە ئەکا) تۆ بڕوا ئەکەی ئەم کابرایە شێت بێ؟..

مام ئەحمەد/ (دەیەوێ فریای کەوێ) براکەم ئەم شارە بە عەبەشێتەوە شارە. ئەوە ئەو خەڵکە ئەوەندە ئازاری دڵی ئەدەن و پێی ڕائەبوێرن، بۆیە ئەو قسانە ئەکا..

جەندرمە(١)/ کە لە تۆی پرسیوە؟!.

شێت/ (دەیەوێ لەو گۆماوە دەرچێ) بە قاڵدرمەی کووپەیەکا چوومە خوارەوە، کەچی، حەی، هیچ قادرمەی تیا نەبوو.. (ڕوودەکاتە قاوەخانەکە) قاوە لە جاجما بخۆنەوە. (بۆی دەردەچێ)

جەندرمە(٢)/ ئەمانە هەموو شێتن.

عەزیز/ لە سایەی جەنابی والی و سەرۆکی جەندرمە و سەرۆکی پۆلیسەوە، دنیا بەرکەماڵە و بەوپەڕی خۆشیی ئەژین.

جەندرمە(١)/ وایە، وایە (زەینەڵ بە لارولەنجە دەردەکەوێ و شووتیەکی لە بن دەستدایە) تەماشاکە، ئێستا و شووتیان وتووە؟! وەرە بزانین مەسەلە چییە!.

جەندرمە(٢)/ ئەوە تۆ شێت کابرا؟. ئەوی لەم ڕۆژەدا خاوەنی شووتی بێ، پشتی هەیە. ئێمە چووزانین کێی لە پشتە..

زەینەڵ/ (سنگی دەرپەڕاندووە و بە لووتێکی بەرزەوە بەلای هەر کەسێکدا تێدەپەڕێ سەلامێکی لێدەکا و ئەوانیش بەوپەڕی ڕێزەوە دەیسەننەوە. دەچێ لەسەر سەکۆیەك دادەنیشێ و شووتیەکە لەبەر پێی دادەنێ) ئا کوڕم قاوەیەکم بۆ بێنە. (قاوکەی بۆ دەهێنن و دوو جەندرمەکەش سەیری یەکتر دەکەن و تێدەگەین کە دەیانەوێ هەواڵی شووتی بگەیەننە جێی خۆی. هەردووکیان بە پرتاو دەڕۆن) ئەوی بترسێ، ناخەلەسێ..

(دەروێش موراد پەیدا دەبێ و مام ئەحمەد بەرەوپیری دەچێ)

موراد/ هەموو شتەکان دابەش کراون؟.

مام ئەحمەد/ زۆربەی دابەشکراوە، عەزیزی دراوسێ دووکانیشم بەری کەوتووە.

موراد/ زۆر چاکە. ئەمشەو لە خانی مەیانەکە دانیشتنمان هەیە. دوای نوێژی شێوان وەرە بۆ ئەوێ.

زەینەڵ/ (بە دەنگی بەرز) کوڕینە هەرکەس ئازووقەی خۆی بەرکەوتووە؟.

یەکەم/ ئازووقەی چی..

زەینەڵ/ دیارە تۆ هەژار نیت ئەگینا من بە برادەرانم ڕاگەیاندووە، ئەبێ هەر هەژارێکی ئەم شارە بەشی خۆی لە عەماری باش بازرگان وەرگرێ.

(خەڵکەکە هەریەکەیان هەڵوێستێکیان هەیە لەو قسانە. موراد و مام ئەحمەد سەیری یەکتر دەکەن و گومان لەوە دەکەن جاسووس بێت. دانیشتوانی قاوەخانەکەش کەسیان ناوێرن خۆیان بکەن بە خاوەنی مەسەلەکە).

زەینەڵ/ کوڕگەل ترستان نەبێ ڕۆژگار هەروا نابێ، کاتی حساب نزیکە.. ئەوی بە باش بازرگانمان کردووە تەنیا گوێ ڕاکێشانێکە و بەس. لە ئەمڕۆ بەدواوە ئەبێ دەست بوەشێنین دەست. چییە بۆ سەیری یەکتر ئەکەن؟. (بە پێکەنینەوە) بە جاسووسم ئەزانن؟. تا ئێمە گومان لە یەکتر بکەین ئەوان بەهێز ئەبن. مەترسن جاسووس خۆی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەشارێتەوە و وەك من بە ئاشکرا قسە ناکا. پێشینان وتوویانە (جام پڕ بوو لێی ئەڕژێ) ئێمەش لە ژێر باج و قامچیا پشتمان شکاوە. تەنیا هەناسە ماوە باجی لەسەر دانێن. دزی و جەردەیی دنیایان کرد. مردنی سەربەرزیمان ئەوێ، نەك ژیانی ملکەچی.

موراد/ ئەو دەنگەم لە گوێ غەریب نییە.

مام ئەحمەد/ تۆ بڵێی جاسووس بێ، یان فشەکەر؟

موراد/ هەرکامیان بێ بۆ ئێمە زەرەری نییە.

مام ئەحمەد/ چۆن؟

موراد/ (لە زەینەڵ نزیك دەبێتەوە) کە عەمارەکەتان بڕی چی تیابوو؟.

زەینەڵ/ ئەوەی بۆ هەژاران پێویست بێ. ئێمە خێرخوازین. هیچمان مەبەست نییە تەنیا ڕزگاری ئەم میللەتە نەبێ.

موراد/ ئەزانی برا دەنگت لە گوێما غەریب نییە؟

زەینەڵ/ دەنگی من ئاشنای هەموو گوێیەکە. دەنگی من دەنگی هەقە و هەموو گوێیەك بە ماڵی خۆی ئەزانێ..

موراد/ (هەندێ تێی دەڕوانێ) تۆ زەینەڵ نیت؟..

زەینەڵ/ (بە پەلە لە خەڵکەکەی دوور دەخاتەوە) زەینەڵ کێیە؟.. تۆ کێیت؟..

موراد/ هەقتە بە ڕیشەوە نەمناسیتەوە. من مرادی قازیم، کە شان بە شانی دەوڵەمەندەکان شایەتیت لێدام و پشتمت دا لە زەوی.

زەینەڵ/ (باوەشی پیا دەکا و دەداتە پڕمە گریان) ئای کاکە موراد. جەنابی قازی. پیاوی عەدالەت. جاهێڵ بووم و جاهیل بووم.

موراد/ ئەی ئێستا کامڵ بوویت و ئاقڵ بوویت؟

زەینەڵ/ ژنم هێناوە و سێ منداڵی ڕەش و ڕووتم هەیە. زۆر هەوڵم دا وەك تۆ ئەتوت، بە خەیاڵ هەوا بخۆم و وابزانم مریشکی سوورەوەکراوە. بەڵام هەوا ئەچێتە سنگەوە و سك تێر ناکا.

موراد/ ئەی ئەو شووتیە چییە؟.

زەینەڵ/ ئەو شووتیە (بیری دەکەوێتەوە و بە پەلە هەڵیدەگرێتەوە) مەسەلەی ئەو شووتیە دوور و درێژە (وردە وردە بەدەم قسەکردنەوە دەڕۆن و خەڵکەکەش هەر چاویان لە سەریانە و سەرشانۆ لەسەرخۆ تاریك دەبێ).

—تاریکی—

—خانی مەیدان—

(موراد، مام ئەحمەد، ئەمین "کارگێڕی خانەکەیە"، شاعیر)

موراد/ ئینسان قابیلی گۆڕانە. بە ڕاستی من ژیانی ئێستای ئەبینم و باوەڕم بەوەیە کە زەینەڵ ئەو زەینەڵە نەماوە کە من ئەمناسی..

مام ئەحمەد/ ئەی ئەو هەموو درۆ و دەلەسەیە لە پای چی؟.

موراد/ پاش مەسەلەی شووتی هێنان و زەوتکردنی. دنیای لە بەرچاو تاریك بووە و نەیزانیوە سەر بە کوێوە بنێ. ناچار پەنای بردووەتە بەر ئەو درۆیانە بۆ ئەوەی بیخەنە زیندانەوە. ئینسان کە لە ژیان نائومێد بوو هەموو شتێك ئەکا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شاعیر/ بە لای منەوە ئەمڕۆ لە دوێنێ دابڕاو نییە. ئەوی دوێنێ خۆفرۆش بووبێ، لە پڕ نابێ بە نیشتمان پەروەر.
موراد/ من نالێم ئەمڕۆ لە دوێنێ دابڕاوە. زەینەلێش لە پڕ نەگۆڕراوە. ساڵەهای ساڵە نەبوونی و ئازار ئەچێژێ و دەردی نەبوونی لە حاڵی هەژارانی تێگەیاندووە و بۆی سەلماندووە کە ئەویش یەکێکە لەو زۆر لێکراوانە و ئەبێ هەوڵ بدا بۆ ڕزگار بوون. پاش ئەوە ئەگەر بەو حسابەی ئێوە بوایە ئەبوو سەرۆکی پۆلیس لەگەڵمان بووایە. خۆ زۆربەی شیعرەکانی تۆ لە ڕێی ئەوە بڵاو ئەبووەوە و ئەگەیشتە دەمی خەڵکی. ئەوەتا ئێستاش کون بە کون بە دواتا ئەگەڕێ و دەستی بتگاتێ لەتوپەتت ئەکا..
شاعیر/ ئەوە کاتێ بوو کە کوڕی میللەت بوو. ئەو کاتە خۆی نەفرۆشتبوو. نەبووبوو بە کوتەك بەدەست زۆردارەوە.
موراد/ ئەمیان بە پێچەوانەی ئەوەوە. ئەو کاتە لە بەرەی دوژمن بوو، ئێستا بەرەی میللەتی هەڵبژاردووە.
ئەمین/ من قسەکانی دەروێش مراد پەسەند ئەکەم، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم برادەرە هەموومانی ناسی و لە جێگاکەمان شارەزا بوو. ئیتر یان ئەبێ بەیەکێ لە خۆمانی دابنێین یا لەناوی بەرین.
شاعیر/ ئێمە پیاوکوژ نین تا لەناوی بەرین.
مام ئەحمەد/ برایان ئەمین هەقیەتی، کابرا جێی خانەکەی زانیوە و، ئەمیش خانچیە، یەعنی ئەگەر خەبەری لێ بدرێ، سەر و ماڵی تیا ئەچێ.
موراد/ ئێوە لەو باوەڕەدان ئەگەر لێی دڵنیا نەبوومایە. بمهێنایە بۆ ئێرە؟.
ئەمین/ لەگەڵ ئەوەشدا ئەبوو پێش ئەوە پرست پێ بکردینایە.
موراد/ ئێمە وەختەکەمان ناسکە و پێویستمان بە هەموو دڵسۆزێك هەیە.
شاعیر/ من ئەڵێم مادەم ئەوەندە چاو نەترسە وەك ئێوە باسی ئەکەن. با شیعر بە خەڵکی بگەیەنێ.
مام ئەحمەد/ ئەو شیعرانەی تۆ لە خەم ڕەخساون، دەم بە دەم ئەگەنە سوڵتانیش.
ئەمین/ باشە با ناوی خوای لێ بهێنین و بانگی کەینە ژوورەوە.
(لە پڕ شێتە خۆی دەکات بە ژوورا و، هەموو دەپەشۆکێن)
شێت/ منیش لەگەڵتانا دامە و سێ ڕسکێن ئەکەم. ماسی وسڵی خۆی دەرئەکا و ڕاوچی لەبەردەرگایە (لەسەرخۆ دەچرپێنێ) جیابنەوە، جاسووسێك لەبەردەرگایە (ئەمین بە پەلە دەچێتە دەرەوە)
موراد/ چییە مەسەلە تێمان گەیەنە..
شێت/ جاسووسێك گوێی نابوو بە دەرگاکەوە. بەم دوو چاوەی خۆم دیم.
مام ئەحمەد/ برایان با دەست بکەین بە سێ ڕسکێن.
ئەمین/ (دێتە ژوورەوە و زەینەڵی لەگەڵە. زەینەڵ زۆر پەشۆکاوە) یاڕەبی ماڵت بە قوڕ گیرێ. ناو سکی ئێمەت بەردایەوە و ئەم داماوەشت تۆقاند (هەموو دێنەوە سەرخۆ)
موراد/ خەریکە بە ڕاستی شێت ئەبی. ئەمە زەینەڵە، یەکێکە لە خۆمان.
شاعیر/ هەر خۆی بە خوا ئێمەش شێت ئەکا.
شێت/ ئەرێ من لە کوێ بزانم لە خۆمانە. ئەم گوێی ناوە بە دەرگاکەوە و سمەی پاسەوانیش لە هیچ شوێنێکەوە دیار نەبوو.
ئەمین/ سمە نەخۆشە و لە جێی ئەو عوسمانی هەلاج لەسەری کۆڵانەکە وەستاوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێت/ ئێوه واز لەو قسانە بهێنن. ئەڵێن گوایە ئەمڕۆ بە ڕۆژی نیوەڕۆ کاروانێکیان ڕووت کردوەتەوە.
موراد/ کاروان؟. کەسی تیاچووە؟.
شێت/ ئەڵێن قەتارچییەك کوژراوە و ئەوانی تریش جەندرمە قۆڵبەستی کردوون.
شاعیر/ قەت ئەوە ئیشی پیاوی مەرد نییە. ئیشی دز و جەردەیە.
ئەمین/ قەد ناشێ ئەو کاروانە بێ کە دوێنێ بەرەبەیان بەرەو گەرمیان چوو؟!
شێت/دوور نییە.
ئەمین/ دەك ڕووتان ڕەش بێ هەی. توخوا ئەوە ئیشی پیاوە یا جەردە و چەتە؟ ئاخر بە شەرعێك حەڵاڵە بدەی بەسەر ماڵی کاسبکار و هەژارا.
موراد/ کەواتە ئەم ماوە ئەبێ ئاگاداری خۆمان بین. چونکە ئیتر پۆلیس و جەندرمە ناوشار ئەتەنن. چاکتر وایە جواب لە هەموو برادەرانی خۆمان بگێڕینەوە ئاگاداری خۆیان بن.
زەینەڵ/ ئەی من چی بکەم؟
موراد/ یەعنی چی؟
زەینەڵ/ من ئەمڕۆ ئەم برادەرە جوامێرانەم ناسیوە و ئەمەوێ ئیشێکی وا بکەم کە جێی متمانەیان بم.
شاعیر/ شتی وەکو چی؟
زەینەڵ/ نازانم. شتێکم پێ بسپێرن. خوای ئەکرد کوشتنی والی ئەبوو.
موراد/ پیاوکوشتن ئیشی ئێمە نییە. پاشان کوشتنی هیچ کەسێك کەڵکی بۆ ئێمە نابێ. لە باتی والی —سەد— والی پەیدا ئەبێ و لە جیاتی وەزیرێك سەد. ئێمە ئەوەی لەسەرمانە ئەوەیە ئەو خەڵکە بجووڵێنین و هۆشیاریان کەینەوە. ئەبێ شۆڕشێکی گەورە بەرپابێ و هەموولایەك بگرێتەوە و میللەت ببێ بە خاوەنی خۆی.
زەینەڵ/ باشە ئەڵێن چی من خەبەری ئەوانەتان بۆ بێنم کە کاروان ڕووت ئەکەنەوە؟
ئەمین/ چۆن؟
زەینەڵ/ خۆمیان ئەگەیەنمێ و بە سەرزارەکی لەگەڵیان ئەبم، بزانین چیان ئەوێ و چی ئەکەن.
موراد/ ئاخر چۆن ئەتوانی بگەیتە ناویان؟ ئێمە بە هەموومان هەوڵمان داوە، تا ئێستا نازانین ئەوانە کێن و چۆن کار ئەکەن..
زەینەڵ/ من خۆم ئەزانم چۆن ئەیانگەمێ..
شاعیر/ من حەز لە چارەی جاسووس ناکەم، ئەگەرچی هی خۆشمان بێ.
زەینەڵ/ لە پێناوی میللەتا پێی ناوترێ جاسووس.
شێت/ ڕاست ئەکا پێی ئەوترێ سیخوڕ.
زەینەڵ/ لە پێناوی گەل و نیشتمانا هەرچییەکم پێ بڵێن شانازی پێوە ئەکەم.
موراد/ من بە کارێکی خراپی نازانم ئەگەر بتوانین هەواڵی ئەوانە بزانین و ئاگاداری هەڵسوکەوتیان بین (ڕوودەکاتە شاعیر) ئەی تۆ ئەڵێی چی؟!.
شاعیر/ من ناڵێم نەء.. بەڵام ئەڵێم چارەی جاسووسم ناوێ.
شێت/ من وای بۆ ئەچم بە هۆی ئەوانەوە هەواڵی کۆشکیش بزانین.
مام ئەحمەد/ کەواتە لەسەرخێر. بەڵام کە تووش بوویت ئێمە هەقمان نییە و خۆمانی لێ گێل ئەکەین.
زەینەڵ/ ڕازیم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

موراد/ چاكە.. هیچی تر هەیە باسی لێ بكەین؟.

مام ئەحمەد/ بەڵێ. هەینی ڕابوردوو مەلا محەممەد زۆر بە ئاشكرا هێرشی بردووەتە سەر كۆشك و، باسی باج و دزی و جەردەیی دەوڵەت و لێپرسراوانی كردووە.

موراد/ ئەزانم. من خۆم لە مزگەوت بووم.

ئەمین/ ئەگەر وابێ خۆی تووش ئەكا و ئێمەش تیا ئەچین.

موراد/ ترستان نەبێ مەلا محەممەد خۆی ئەزانێ چی ئەكا.

زەینەڵ/ دەمی خۆش بێ. ئیتر وەختی ئەوە هاتووە ترسمان لەیەك بشكێ و بە ئاشكرا قسە بكەین.

مام ئەحمەد/ ئەی ناترسن كە خرایە ژێر دارەوە ناوی ئێمەش بڵێ؟

موراد/ مام ئەحمەد.. مەلا محەمەد منداڵ نییە ئێمە فێری بكەین چی بكا. دەردی زەینەڵیش ئەڵێ كاتی ئەوە هاتووە متمانە بە یەك بكەین و واز لە دڵەڕاوكێ بێنین. پاشان لەگەڵ ئێمەش نیە تا ناومان بڵێت.

ئەمین/ بەڵام یەك بە یەكمان ئەناسێ و شارەزای ئێرەشە.

زەینەڵ/ ڕێگام ئەدەن قسەیەك بكەم؟

موراد/ تۆ بووی بە یەكێ لە ئێمە و ئەتوانی هەموو شتێك بڵێیت.

زەینەڵ/ ئەگەر بەم ترس و لەرزە كار بكەین و خۆمان دوورەپەرێز بگرین هیچمان پێ ناكرێ. ئێمە ئەبێ زیاتر بچینە ناو خەڵكەوە و خەڵك هاندەین و بە لای خۆمانا ڕایانكێشین. ئەبێ بجووڵێین. سستی لە بەرژەوەندی ئێمە نییە.

شێت/ منیش لەگەڵتام، بەم ترس و لەرز و سستیە خەڵكمان لێ ئەتەكێتەوە.

موراد/ زەینەڵ، ئەگەر وائەزانی ئێمە بەتەنیاین، ئەوە بە هەڵەدا چوویت. ئێمە خەڵكێكی زۆرمان لەگەڵە. بۆ تۆ لەو بڕوایەدایت ئەمانەی لێرە دانیشتووین بتوانین عەماری باش بازرگان بشكێنین و بتوانین دابەشی بكەین؟!.
ئێمە تەنیا سەرپەرشتی ئەكەین.

زەینەڵ/ من ناڵێم ئێمە تەنیاین، ئەڵێم ئەبێ بچینە ناو جەماوەرەوە و خەڵكێكی زۆر لە خۆمان كۆكەینەوە. قابیلە ئیشمان هەر ئەوەندە بێ عەماری خواپێداوەكان ببڕین و یارمەتی هەژارانی پێ بدەین؟!. ئێمە ئەبێ لە پاڵ ئەو كارەدا ئامانجێكی گەورەترمان هەبێ. ئەبێ ئەم میللەتە بە تەواوەتی لە جەور و ستەم ڕزگار بكەین. بۆ ئەوەش پێویستمان بە هەموو زۆرلێكراو و هەژارێكە كە لەگەڵمان بن، نەك چاوەڕێی دەستمان بن. ئەبێ بزانن ئەو ئامانجە تەنیا هی ئێمە نییە، بەڵكو هی هەمووانە.

شێت/ ئۆباڵ بە گەردنم قسەكانت نەخشی بەردن.

شاعیر/ كە وابێ تۆ هەڵسە بەو كارە.

زەینەڵ/ ئەی تۆ؟!.

شاعیر/ من ناتوانم دەركەوم. فەرمانی گرتنم هەیە. لەبەرئەوە من شیعرتان بۆ ئەنووسم. حەی. من شتێكم لێ بێ ئێوە ناتوانن شیعر بنووسن، بەڵام ئەگەر ئێوە شتێكتان بەسەربێ هەیە جێتان بگرێتەوە. فەرموون ئەمەش شیعرێكی تازە. دەبڕۆن بڵاوكردنەوەی لەسەر ئێوە.

(پارچەیەك كاغەز دەداتە دەست موراد)

موراد/ (دەیخوێنێتەوە)

شكۆفەی عومری زەمانەی هەڵوەری وادەی سەحەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوون بە زووخاڵ دوڕ و ئەڵماس، نوقمی لیتاوە قەمەر
بوودەڵە و پیاو خۆر و جەردە، تەختی عەرشیان گرتووە
پیاوی ئازا و جەربەزە و جوامێر، هەموو بوون دەربەدەر
ڕووی زەمانەی واسیابێ، کەر بە شێری برد زەفەر
چی بڵێم کەرپیاو لە کۆشکا ملوڕ و دەستەونەزەر
بوونە تەوری دەستی سوڵتانی زەمەن، قەد نایەڵن
داری بەرداری پیرۆزی میللەتم، بگرێ سەمەر
—تاریکی—

—کۆشکی والی—

(وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە پێکەوە لە کۆشکی والین. باش بازرگان لەگەڵیاندا باسی تالانکردنی عەمارەکەی دەکا. حاجب و پاسەوان لەبەردەرگان)

وەزیر/ ئێوە ئیشتان ئەوەیە چاوێك بکەن بە چوار. ئەمجا سەروەت و سامانی خەڵکی بپارێزن.

س.ژەندرمە/ قوربان، جەنابی وەزیر. پۆلیس و ژەندرمە هەمیشە لە خزمەتی خانەدان و خواپێداوەکاندان. ئێمە هیچ قوسوورێکمان نییە و نەمانهێشتووە یەك زەلام سەر بەرز کاتەوە.

باش بازرگان/ ئەی گوایە عەمارەکەی من خۆی لە خۆیەوە بەتاڵ بوو؟. ئازووقەکان خۆیان پێیان گرت و چوونە ماڵی ناکەس بەچە و سواڵکەرەکانەوە؟. ئارد و ساوەر و نیسك و نۆك قاچیان هەیە؟!. ئێمە ماڵ و پارەی خۆڕاییتان نادەینێ. لە هەموو شتێکا بێ دەستمایە شەریکن. شاڵڵا شەریکی ئاساییش بوونایە، ئێوە تەنیا شەریکی قانزاجن و هەقتان بەسەر زەرەرەوە نییە.

س.ژەندرمە/ باش بازرگان، خۆتمان لێ مەبەرە ئەوپەڕی دنیا.. ئێستا ئەوی گوێی لێت بێ وائەزانێ زەرەرت لە قانزاج زیاترە. ئێمە لە پارەی دەوڵەتیش هەر بۆت ئەدزین. ڕاستیان وتووە چاو بە گڵ پڕ ئەبێتەوە.

باش بازرگان/ ئا.. ئا.. هەرچییەکتان کردووە لەبەرچاوی کاڵی ئێمە کردووتانە. وانا؟ ئەگەر ئێمە نەبووینایە ئێستاش لەسەر سنوور یۆزباشی ئەبووی. ئێمە بۆیە...

س.ژەندرمە/ (قسەکەی پێ دەبڕێ) بۆیە سەرۆکی ژەندرمەی پێشووتان کوشت، چونکە بە پارەی کەم ڕازی نەئەبوو..

باش بازرگان/ ئەگەر بیرت بێ.. فەرمانی سوڵتانیمان بۆ هێنایت و خستمانیتە جێگاکەی.

وەزیر/ دەی دەست بدەنە یەخەی یەکتری، لەخوا بەزیاد بێ وەك مناڵتان لێ هاتووە.. لە جیاتی ئەوەی یەك دەست و یەك بازوو بن، پەنجەی تاوان بۆ یەکتر ڕائەکێشن. ئینجا جەنابتان وابکەن ئەبێ خەڵکی چی بڵێن و چی بکەن؟!. (ڕوودەکاتە سەرۆکی ژەندرمە) ژەندرمەکانی تۆ لەجیاتی ئەوەی خەڵك چاوترسێن کەن، بە بەرتیل و بەرتیلکارییەوە خەریکن و کەس بەرەوڕوویان نابێتەوە. ئاوا بڕوا خەزنەی کۆشکیش ئەدزن.

س.ژەندرمە/ قوربان وەکو پێم وتی.. ئێمە ناتوانین لەسەر هەموو عەمار و خانێك ژەندرمە دانێین. ئەی کێ پاسەوانی خۆمان و کۆشك بکا. پاشان ئەوەی لە عەماری باش بازرگان دزراوە، بە زیادەوە لە کاروانەکەمان وەرگرتووەتەوە. خۆ ئەو بوار نادا قسە بکەین، ئەڵێی بەڕووی لە دەما تەقیوە. (ڕوودەکاتە باش بازرگان) هەر

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو شەوەی عەمارەکەی تۆ دزرا، بۆ بەیانی پیاوەکانمان کاروانێکیان هەڵتەکاندووە. چی لە کاروانا بووە هاتووەتەوە ناوشار.

باش بازرگان/ ئەی کاروانەکە هی کێ بوو؟

س.ژەندرمە/ ئێوە لەسەرتانە بە حازری زەرەری خۆتان وەرگرنەوە. کاروانەکەش هی کاسبکار و وردە بازرگانە. نەك کەڵە بازرگانی ئێوە ئاسایی.

باش بازرگان/ ئەگەر ئاوا بڕا. ماڵی من لێبدرێ و بازرگانەکانی تر وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچن. وردە وردە من ئەکەومە سەر ساجی عەلی و ئەوانیش هەر خەزنە پڕ ئەکەن.

وەزیر/ نا.. نا.. باش بازرگان لە مەیانا من لەگەڵتا نیم، تۆ ئەوەندەت لەژێر قنگدایە، ملك و ماڵی هەموویان کۆکەیتەوە، نیوەی سامانی تۆ نابێ.

باش بازرگان/ لە چاوی بەد بە دوور بین (پێدەکەنن).

حاجب/ (دەرگا دەکاتەوە) جەنابی والی.

وەزیر/ مەسەلەکە بگۆڕن.

(والی دێتە ژوورەوە و حەکیم باشی بەدواوەیە)

والی/ سێ چوکڵەی شەڕ کۆبوونەتەوە، ماڵی کێ وێران ئەکەن؟!

وەزیر/ قوربان ئێمە لە سایەی جەنابتانا هەر لەسەر خێر کۆئەبینەوە.

والی/ وایە، وایە، چاکتان ئەناسم.

س.ژەندرمە/ لە ژێر باڵی جەنابتانا مەملەکەت ئاسوودەیە.

والی/ ئەی بە قوڕتاکەم بۆ ڕاستت. بۆ تۆ وائەزانی من لە گوێی گادا نووستووم؟ بەدفەساڵ من ئاگاداری هەموو شتێکم.. ئێوە هەموو هەقی فەلاقەتان هەیە.. فەلاقەی چی؟! هەقە لەسێدارە بدرێن. ئەوەی ئێوە ئەیکەن کاری کردە نییە. (وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە دەشڵەژێن) هەڵبەت وا ئەزانن من تەمەڵخانەم داناوە. بە ناخێری گیانتان هەر ئەخۆن و، ئەڕین. قەد ناتوانن کارێك بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدەن؟!.

وەزیر/ قوربان هیچی وا ڕووی داوە جەنابتان سەغڵەت بکا؟!.

والی/ بەڵێ وەزیری نابەجێ. خۆت چاك ئەزانی چی ڕوویئەدا. خۆتم لێ غەشیم مەکە. پێم ناڵێن من چ وەڵامی سوڵتان بدەمەوە؟ ها؟!. ئەو خەو و خۆراکی لە خۆی حەرام کردووە لە پێناوی ئاسوودەیی و خۆشبەختی هەموو مەملەکەتا و ئێمەش ئاوا پاداشتی بدەینەوە؟!.

وەزیر/ قوربان ئێمە شتێکی خراپمان نەکردووە کە خوانەخواستە دژی خواستەکانی جەنابی سوڵتانی پایە بەرز بێ..

والی/ من کەی بوو فەرمانی سوڵتانم پێ گەیاندن؟

وەزیر/ قوربان کام فەرمان؟

والی/ نەموت سوڵتانی مەزن داوای کردووە لەگەڵ باجی ئەمساڵ دوو ئەسپی کەحیلە و جاریەیەك و دە خەنجەری دەبانی بۆ ڕەوانە بکەین..

(س.ژەندرمە و وەزیر دێنەوە سەرخۆ)

وەزیر/ قوربان ئەوانەی جەنابتان دەفەرموون بە زیادەوە گەیشتوونەتە جەنابی سوڵتان.

والی/ دوێنێ پۆستچی سەڵتەنەت گەیشتووە و ئەڵێ دیاریەکان نەگەیشتوون.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەزیـر/ قوربـان پۆسـتـچی سـەڵتەنەت نامـە بـۆ هـەموو ولایەتـەکان ئـەبا و ڕەنگـە ماوەیـەکی زۆر بـەڕێوەبووبێ تـا گەیشتووە. ئێمـە دوو هەفتەیـە دیاریـەکانمان ڕەوانـە کـردووە و کـاتی خۆیـشی بـە جـەنابتانم وت، کـە ڕەوانـەمان کردووە.

والی/ یەعنی ئێستا گەیشتووە؟!..

وەزیر/ قوربان لە جاریەکەش تێر بووە..

باش بازرگان/ (لەبەرخۆیەوە) ئەوەندەی تر خەوی لێ حەرام بووە.

والی/ (ڕوودەکاتە حەکیم باشی) تۆش هەر ئێستا بڕۆ دەرمانەکانی گوڵبژار بگـرەوە. ئـەوە پێـت ئـەڵێم و وەك ئەڵقە بیکە گوێت، تا سبەی شەو گوڵبژارم بۆ چاك نەکەیتەوە وەك بنی پێڵاو بزمار ڕێژت ئەکەم.. ئـەوە دوو شـەوە خـەو و خـۆراکم لێ حـەرام بـووە و جـەنابی ناموبارەکیـشت هـەر گـژوگیا ئـەکوتی و ئـەیکوڵێنی و ئـەیکـەی بـە گـەروویا. باوکم بە شەرەفم بەدەست گوڵبژارەوە ئیشوکاری دەوڵەتم بیرچووەتەوە.

حەکیم باشی/ قوربان خوا ئەیزانێ گوڵبژارخانم نەخۆش نییە.

والی/ یەعنی درۆ ئەکا؟!.

حەکیم باشی/ قوربان من حەدی ئەوەم نییە، بەڵام کەمێ ناز ئەکا و تۆزێکیش بێتاقەتە.

والی/ ئەی بۆ بێتاقەتی چی باشە؟!

باش بازرگان/ (لەبەرخۆیەوە) گوڵەبەڕۆژە.

حەکیم باشی/ قوربان من دەمانی بۆ ئەگرمەوە و جەنابیشتان کـەمێ دیـاری جـوانی پێـشکەش بکـەن. وەك گـوێزی ساغی لێ یەت.

والی/ ئەی ئەگەر چاك نەبووەوە؟!..

حەکیم باشی/ (لەسەرخۆ بە گوێی والیدا دەچرپێنێ، پاشـان بـە دەنگـی بـەرز دەڵـێ) ئـەی قوربـان ئـافرەت یـەعنی چی..

والی/ باشە باش، ئەوە بەرەوڕووی باش بازرگان ئەکەمەوە. هەندێ تڵ تڵە و پڵ پڵەی بە دیاری بۆ بهێنێ.

باش بازرگان/ (لەبەرخۆیەوە) ئەی بەقوڕتاکەم حەکیم ناباشی (لەگەڵ والی) قوربان سەرم لە ڕێتانایە.

حاجب/ (دێتە ژوورەوە و دەچەمێتەوە) قوربان شاعیری دەربار ئەیەوێ بێتە حوزووری جەنابتان.

والی/ با بێت، بەخێر نەیەت.

(حاجب دەڕوا و شاعیری دەربار دێتە ژوورەوە و دەچەمێتەوە)

شاعیر(د)/ سەرکز و کوڕنووش بردووی بەر قاپیتانم.

والی/ ئـەزانم. گیرفانـەکانت دەمیـان هەیـە و بنیـان نییـە. ئـەقڵ تەسـکی گیرفـان دەڵـب. هـەر شـیعرێکی پیاهەڵـدانی جەنابی ناموبارەکت. شیعرێکی هەجا و جوێنی بەدوادا یەت.

شاعیر(د)/ قوربان من دڵنیام لەوەی ئەوانە هەمووی ئیشی شاعیری شارە.

والی/ خـوای ئـەکرد هـی شـاعیری شـەڕ ئـەبوو. ئـەی خامـەی جـەنابی ناموبارەکـت بـەقوڕا چـووە؟! بـۆ جـوابی نادەیتەوە.

شاعیر(د)/ قوربان ئەوانە پەروەردەی کووچە و کۆڵانـانن. منێـك لـە کۆشـکی جەنابتانا خونـچەم پـشکوتووە، چـۆن بێژم دێ جوابی ئەو هەرچی و پەرچییانە بەمەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

والی/ نا نا. تۆ خونچەت لە کۆشکی منا نەپوشکوتووە.. تۆ لە کۆشکی منا چقەت دەرکردووە، تۆ پارچەیەکی لەم کۆشکە وەك پایە و پەنجەرە و دەرگا. کۆشك هەرکەسی تیابێ، تۆ شاعیری ئەوی.

شاعیر(د)/ قوربان سەرم لە ڕێتانایە.

والی/ ئێستا چیت ئەوێ؟.

شاعیر(د)/ قوربان چوارینەیەکی تازەم نووسیوە.

والی/ دیارە پێویستت بە پارەیە.. ئادەی بزانم چییە.

شاعیر(د)/ قوربان سێ ڕۆژە ئەم چوارینەیەم وتووە، بەڵام جەنابی بە شان و شکۆتان کاتتان نەبوو گوێی لێ بگرن. تیایا ئەڵێم

بەرکەماڵە، بەرکەماڵە. وڵاتی من بەرکەماڵە

لە ژێر سایی والی مەزن جێگای دوژمنان ناوچاڵە

ئەوی لەسەر تەپڵی دوژمن سەما بکا

بەپێی شەرع، خوێنی بە گشت کەس حەڵاڵە

والی/ هەفتەیەکی کە بە چوارینەیەك جواب ئەدرێتەوە.

باش بازرگان/ قوربان هەفتەی چی؟ ئێستا جوابەکەی لە بازاڕایە. من دوێنێ پێم گەیشت.

شاعیر(د)/ (دەپەشۆکێ) لەکوێ؟ کەی؟ چۆن؟

والی/ مەعلووم لە مەجلیسی شەراب خواردنەوەدا خوێندووتەتەوە و پێش ئەوەی بۆ ئێمەی بخوێنیتەوە جوابەکەی وتراوە. (ڕوودەکاتە باش بازرگان) بەچی جوابیان داوەتەوە؟.

باش بازرگان/ قوربان بە چوارینەیەك.

والی/ ئادەی بیخوێنەرەوە.

باش بازرگان/ قوربان ئەگەر جەنابتان ئیزن بدەن بۆ کاتێکی تر بخوێنینەوە..

والی/ ئێستا ئەمەوێ.. هەر ئێستا.

باش بازرگان/ ئاخر قوربان شتی خراپیان وتووە.

والی/ ئەڵێم بیخوێنەوە..

باش بازرگان/ فەرموودەی جەنابتانە قوربان. شاعیری دەربار ئەڵێ:

بەرکەماڵە، بەرکەماڵە. وڵاتی من بەرکەماڵە

لە ژێر سایەی والی مەزن جێگای دوژمنان ناوچاڵە

ئەوی لەسەر تەپڵی دوژمن سەما بکا

بەپێی شەرع، خوێنی بە گشت کەس حەڵاڵە

ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە و ئەڵێن:

پەشتەماڵە، پەشتەماڵە. شاعیری کۆشك پەشتەماڵە

تڕی والی لە بیابانی ئەقڵی سووکیا، وەك شەماڵە

خواستی میللی و دەردی گەلمان هەراج ئەکا و

لە مەزاتی خۆفرۆشی و خۆویستیا، تاك دەڵاڵە

والی/ (ڕوو دەکاتە س.ژەندرمە) لە ژێر باڵی جەنابمانا مەملەکەت هەمووی ئاسوودەیە. وانییە؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

س.ژەندرمە/ قوربان یەکێك لە ماڵەوە چوارینەیەك ئەنووسێ. ئێمە لە کوێ دەستمان پیایا ئەگا..

والی/ ئەی کە ئەگاتە دەستی خەڵکی؟. ها؟! بووین بە گاڵتەجاڕی دەست و پێوەندی خۆشمان. شەرت بێ لەمڕۆ بەدواوە. یەك کەلیمە ببیستمەوە. یان یەکێ شتێکی زیادەی کردبێ. هەمووتان لنگەوقووچ هەڵئەواسم. دەی بۆ دەرەوە. کەسم لە دەور نەمێنێ.. دەی (هەموو دەچەمێنەوە و دەڕۆن) باش بازرگان تۆ مەڕۆ ئیشم پێتە (باش بازرگان دەمێنێتەوە)

باش بازگان/ لە خزمەت جەنابتانام

والی/ چۆن تووش بووم بەدەست ئەم گەجەر و گوجەرەوە. پێم بڵێ تۆ ئەم شتانەت لە کوێوە بەدەست ئەگا؟

باش بازرگان/ قوربان لە ناو شارا چاوم هەیە.

والی/ بەخوا جوانە. یەعنی جاسووسەکانی تۆ لە هی دەوڵەت باشتر ئیش ئەکەن؟..

باش بازرگان/ قوربان حەدی ئەوەمان نییە. بەڵام ئێمەش ناچارین ئاگاداری حاڵی خۆمان بین. لەگەڵ ئەوەشدا. خۆم و هەموو چاوەکانیشم لە خزمەتی جەنابتان و لە پێناوی ئاسوودەیی مەملەکەتایە.

والی/ مەملەکەت یا خەزنە.

باش بازرگان/ قوربان چی بێ لە جەنابتان نهێنی بێ. لە پێناوی ئەمیش و ئەویش. بەڵام ئەمجارەیان خەزنەیەکم دەست کەوتووە و لە خزمەتی جەنابتانایە.

والی/ خەزنەی چی؟! مەتەڵە؟.

باش بازرگان/ نەخێر قوربان. خۆتان چاك ئەزانن کە خەڵکی چەند چاوچنۆك و ناکەس بەچەن. ئێ ئێستاش خەریکن سەر بەرز ئەکەنەوە و ئەگەر زوو بەربەستی نەکەین، ئەو جۆگەلانە یەك ئەگرن و ئەبن بە لافاو.

والی/ مەبەستت چییە؟

باش بازرگان/ قوربان ئەوەی من بەتەمایم. نە بە سەرۆکی ژەندرمە ئەکرێ و نە بە وەزیر.

والی/ ئەوانە هەر خەریکی دزی و جەردەیین و سەریان ناپەرژێتە سەر کاری دەوڵەت. پێم بڵێ تۆ ئەتوانی چی بکەیت؟.

باش بازرگان/ یەکێکم دۆزیوەتەوە لەوانەی دایك و باوکی خۆیان بە پارە ئەفرۆشن. ماوەیەکی دوور و درێژە خەڵکم دواخستووە و چاك لە ژیانی شارەزام. کاتی خۆی یاریدەدەری قازی یەکەم بوو. نەك یاریدەدەر بەو شێوەیەی لە جێی دانیشێ نەخێر. بەڵکو وەك دەلاڵی وابوو. ئەو کاتە من خاوەن زەوی و زار بووم و هەرچی کارێکمان بکەوتایە لای قازی، ئەو بە پارە بۆی جێبەجێ ئەکردین.

والی/ ئینجا گوایە ئێمە خۆمان دز و خۆپەرستمان لە کۆشکا کەمە؟! ئەتەوێ یەکێکی تریشی بۆ زیادکەی؟!.

باش بازرگان/ قوربان ئەمیان مەسەلەیەکی کەیە. ئێستا ئەم دەرەتانی خراپە و ئەیەوێ لە ڕێیەکی ترەوە پارەی دەسکەوێ. ئەیەوێ تێکەڵی گێرە شێوێنەکان بێ.

والی/ یەعنی گێرەشێوێنەکانیش ئەناسیت؟!.

باش بازرگان/ قوربان هەندێکیان.

والی/ ئەی جەنابی ناموبارەکت بۆچی بە سەرۆکی ژەندرمە و پۆلیس ناڵێی بیانگرن؟.

باش بازرگان/ قوربان ئەوانە مەترسیان بۆ کۆشك نییە. مەترسی ڕاستی لەوانەیە کە لە ناو کۆشکان. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوان بخەینە ژێر باڵمانەوە. ئەو کاتە ئەمانەی ناو کۆشکیش ئەخەینە بەر تاقیکردنەوە. قوربان کابرا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

برسیه و به دوو پارووی تێر و تەسەل بۆ منداڵەکانی، هەموو دنیا ئەفرۆشێ. بەڵام ئەمانەی ئێره به هیچ تێر نابن. جەنابت ئەتوانی بیکەی به چەکی دەستت و ئەمانەی دەوروپشتی پێ بهێنیتەوه سەربار.

والی/ تێناگەم!..

باش بازرگان/ قوربان مەسەلەکه زۆر ئاسانه. ئێمه کابرا ئەخەینه ژێر باڵی خۆمانەوه و وای لێ ئەکەین لای خەڵکیش به جوامێر و چاونەترسی له قەڵەم بدەن. کەی بوو به جێی متمانەی خەڵکی. ئەو کاته گورزی خۆمان ئەوەشێنین.

والی/ گورز وەشانن یەعنی چی؟

باش بازرگان/ قوربان خۆتان ئەزانن که ڕۆژ به ڕۆژ باج زیاد ئەکا و کەلوپەل و پێویستی گران ئەبن. ئەمه بێجگه له سەرانه و بەرتیل و داپڵۆسین و خەڵك ترساندن..

والی/ وەك تۆ باسی ئەکەی ئێمه چەتەین.

باش بازرگان/ قوربان قەد حەدی ئەوەم نییه ناماقووڵی وابکەم. بەڵام له پشت جەنابتانەوه هەموو شتێك ئەکرێ.

والی/ یەعنی من له گوێی گادا نوستووم.

باش بازرگان/ قوربان دیوارێکی پۆڵایینیان له نێوان ئێوه و گەلا دروست کردووه و دزی و چەپەڵی خۆیانیان له پالاّ حەشارداوه. ئەگەر ئێمه بتوانین ئەو دیواره بڕوخێنین. ئەوه ئەتوانین ئەمانیش به کڵاوبگرین.

والی/ ئێستا چی بکەین باشه و تۆ ئەتەوێ چی بڵێی؟

باش بازرگان/ چی بێ له جەنابتان نهێنی بێ. گێرەشێوێنەکان خەڵکێکی زۆر دەوری گرتوون و ڕۆژ له دوای ڕۆژ پەره ئەسێنن و بەهێزتر ئەبن. لەبەرئەوه ئەگەر ئێمه دەست بکێشینه ناویان و له سەروتڕیان تێ بگەین و ڕەگ و ڕیشەیان دەرهێنین چاکتره لەوەی تاك و تەرایان لێ بخەینه زیندان و هیچمان دەستگیر نەبێ. ئینجا ئەو زەینەڵەش به مەبەستی ئەوەی شتێکی دەستگیر بێ دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردوون. من ئەڵێم ئەو بخەینه ژێر باڵی خۆمانەوه و هانی بدەین و یارمەتی بدەن له دڵی خەڵکا جێگیر بێ، ئەو کاته گورزی خۆمان ئەوەشێنین.

والی/ ئەوەی تۆ ئەیڵێی وەك هەقایەی مێش وایه.

باش بازرگان/ (به تەواوی لێی دەچێته پێشەوه) قوربان من ئەڵێم....

-تاریکی-

-خانی مەیدان-

(زەینەڵ، موراد، شاعیر، مام ئەحمەد، ئەمین)

مام ئەحمەد/ دەروێش ئێستا وەختێتی.

شاعیر/ وەختی چی؟ لەوه ئەچێ نهێنییەکتان له ژێر سەرابێ.

موراد/ بەڵێ.. بەڵێ.. نهێنییەك وەك بوومەلەرزه ئەمانهەژێنێ. جارێ بزانین زەینەڵ هیچی هەیه بیڵێ.

زەینەڵ/ (هەست دەکا شتێك له ئارادایه) من زۆرم هەیه بیڵێم، ڕەنگه ئەگەر بیگێڕمەوه بڕوا به من، یان به گوێی خۆتان نەکەن.

موراد/ با، با، چاك بڕوا ئەکەین. بڵێ بزانین چیت لایه.

زەینەڵ/ دەروێش موراد ئەزانی باش بازرگان کێیه؟

موراد/ نەء

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەینەڵ/ فەوزی حامید بەك

موراد/ نایناسم

زەینەڵ/ کاتێ قازی یەکەم بووی حوکمێکی قورستدا بەسەریا

موراد/ من حوکمم بەسەر زۆر کەسا داوە

زەینەڵ/ ئەویش یەکێکە لەوانە و ئێستاش ئەوەیە کە ئەیبینی. لەسەر خەزنەی زێڕ دانیشتووە.

موراد/ مەعلوومە. ئەمڕۆ ڕۆژی خۆپەرست و ناپیاوە. بەڵام تۆ ئەمانەت چۆن زانی؟

زەینەڵ/ دوێنێ باش بازرگان هات بۆ لام، بۆ ماڵەوە. لەوە ئەچێ زۆر لە بارەی ژیانمەوە بزانێ و ماوەیەکی چاك بێ بە دوامەوە بێت.

شاعیر/ چی لێت ئەوێ؟

زەینەڵ/ باش بازرگان زۆر لە کۆشکەوە نزیکە و یەکەم هاوڕێی والیە.

شاعیر/ مەعلوومە، جێی سەگ قەسابخانەیە.

زەینەڵ/ ئەیەوێ جاسووسی بۆ بکەم بەسەر ئێوەوە.

ئەمین/ جاسووسی؟ ئەی قوڕ بە سەرمان. یەعنی یەك بە یەکمان ئەناسێ.

مام ئەحمەد/ من هەر دڵنیابووم تۆ قوڕمان بۆ ئەگریتەوە.

شاعیر/ دەروێش موراد خۆش بێ، هەموومان لە زیندانا ئەڕزێین.

موراد/ ئەرێ دە فرسەتی بەن با قسەکەی تەواوکا.

زەینەڵ/ برایان بۆ ترستان لێ نیشتووە. ئەو کەستان ناناسێ. هەر ئەوەندە ئەزانێ کە من پەیوەندیم پێتانەوە هەیە و ئەیەوێ ئێوەی پێ بفرۆشم.

موراد/ ئەی تۆ چیت پێ وت؟.

زەینەڵ/ بەڕاستی من کە چاوم پێی کەوت و ناسیمەوە، ویستم سەری بە قیمەکێش بکەم بە دووکەرتەوە، چونکە ئەو ڕۆژە ڕەشانەی بیرهێنامەوە کە هەرزەکار و بێ ئەقڵ بووم، ئەو ڕۆژانەی لایەنگیری دەوڵەمەند و خوانەناسەکان بووم.

موراد/ ئەی ئاخری؟

زەینەڵ/ دانم بەخۆما گرت و وتم بزانم چی ئەوێ. سەیرم کرد هەموو شتێ لەبارەمەوە ئەزانێ، ئەوەندەی تر شێتگیر بووم. خوێنی ناو دەمارەکانم لافاویان بەرپاکرد و دڵم وەك ئاشەمەکینە گرمەی ئەهات. ویستم پشت ملی بگرم و بە شەق بیکەمە ئەو دیو دەرگا. بەڵام عیبرەتی خێزانم فریام کەوت و هۆشی هێنایەوە بەرم.

موراد/ یەعنی خاوی کردیتەوە؟

زەینەڵ/ وتی مادەم هەموو شتێك لە بارەمەوە ئەزانێ، چاکتر وایە پێش ئەوەی دەست بە ڕوویەوە بنێم پرس بە ئێوە بکەم. بزانم ئێوە چی ئەڵێن.

شاعیر/ دوێنێ جاسووسیت بۆ ئەکردین لای چەتە و ڕێگر و ئەمڕۆش ئەتەوێ جاسووسی بەسەر خۆمانەوە بکەیت بۆ کۆشك.

ئەمین/ ئەوەندەش چاو قایمی بۆ خۆمانی باس ئەکەیت.

مام ئەحمەد/ کەواتە هەواڵەکە ڕاست بوو، دەروێش.

موراد/ فرسەتی بەن با قسەکەی تەواوکا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەینەڵ/ دەرویش. ئێستاش هەر قازیە عادیلەکەی جارانی. تا گوێ لە تاوانبار نەگریت حوکمی بەسەرا نادەیت.
مام ئەحمەد/ ئەوەتا بە دەمی خۆت. خۆت بە تاوانبار ناو ئەبەیت.
زەینەڵ/ من هیچ وەڵامی باش بازرگانم نەداوەتەوە. ئەوی من ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: باش بازرگان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی بگەینە کۆشك. ئەو کاتە هەموو هەواڵەکانی کۆشکمان پێ ئەگا.
شاعیر/ یەعنی تۆ ئەوەندە باش بازرگان بە گەمژە و نەزان ئەزانی. هەواڵی کۆشکت پێ بگەیەنێ و تۆش بیگەیەنی بە ئێمە؟!.
زەینەڵ/ نەء. بەڵام منیش ئەوەندە گێل نیم هەواڵی خۆمان بەو بگەیەنم.
موراد/ تۆ لەسەرخۆ ڕای خۆتمان بۆ دەربڕە و بزانین بڕیاری چیت داوە.
زەینەڵ/ بڕیاری چی دەرویش؟ بۆچی من بە تەنیام تا بڕیار بدەم؟. من تا ئێوە بڕیار نەدەن و ڕازی نەبن یەك هەنگاو نانێم. من ئەڵێم ئەگەر بتوانین بە هۆی باش بازرگانەوە دەستمان بگاتە کۆشك. ئەتوانین خۆمان لە شەڕی سەرۆکی پۆلیس و ژەندرمە بپارێزین. ئەڵێم ئەگەر وردە هەواڵی بێ بایەخی خۆمانی پێ بگەیەنم و لە ڕاستیی خۆمان چەواشەیان بکەم. ئەوە ئەتوانین زیاتر بچینە ناو جەماوەرەوە و چاکتر و بەبێ ترس خۆمان پتەو بکەین.
ئەمین/ وەڵڵاهی قسەکانت بەجێن.
شاعیر/ کاك ئەمین پەلە مەکە، بزانین ئەیەوێ چی بڵێ. (ڕوودەکاتە زەینەڵ) ئەی باشە کێ ئەڵێ ئەو کارە بە پێچەوانەوە ناکەیت؟.
زەینەڵ/ مەبەستت چییە؟
شاعیر/ هەواڵی تەواوی ئێمە بەوان بگەیەنی و وردە هەواڵی بێ بایەخی ئەوان بە ئێمە بڵێی.
موراد/ مەرج نییە تۆ. ڕەنگە باش بازرگان هەواڵی کۆشکت لنگەوقووچ پێ بگەیەنێ و ئێمەی پێ چەواشەکا..
زەینەڵ/ باوەڕناکەم هیچ شتێ ئێمە چەواشە بکا. چونکە بەردەوام ئەبین لە کاری خۆمان. ئەوەی من لە قسەکانی باش بازرگان تێگەیشتم، تا ئێستا نەیانزانیوە کە ئێمە عەمارەکەمان بڕیوە. یەعنی ئێمە ئەتوانین کاری خۆمان ئەنجام بدەین و بە هۆی منیشەوە لە ڕاستیان چەواشە بکەین. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە وەك باسی کرد والی تەنگەتاو بووە و کۆشك باوەڕی بە سەرۆکی پۆلیس و جەندرمە و وەزیر نەماوە و ترسی شاڵاوی جەماوەریان لێ نیشتووە. هەر لەبەر ئەوەش هانایان بۆ ئێمە هێناوە. پاش ئەوەش ئێمە هیچمان لە کیس ناچێ ئەگەر ئەم ڕێیەش تاقی بکەینەوە. لە لایەکەوە خۆمانی پێ ئەپارێزین و لە لایەکی تریشەوە زیاتر ئەچینە ناو جەماوەر و باری گونجاوترمان بۆ ئەڕەخسێ کە گورزی خۆمان بوەشێنین. ئیتر ئێوەش بڕیاری چی بدەن، من وا ئەکەم.
—تاریکی—

—ماڵی زەینەڵ—
(عیبرەت و زەینەڵ)
عیبرەت/ هەتیوە کەللەزلە چۆن توانیت ڕازیان بکەی؟
زەینەڵ/ ئەزانم کوێیان ئێشێ. لە ترسی ژیانی خۆیان ڕازی بوون.
عیبرەت/ ئەزانی چاکت کرد کە پێت وتن؟.
زەینەڵ/ ئێستا بێ ترس ئەتوانم لەگەڵ ئەمانیش بم و لەگەڵ ئەوانیش.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عیبرەت/ لەگەڵ گورگ شایی و لەگەڵ مەڕیش شین ئەکەی.

زەینەڵ/ وەڵڵا عیبرەت فێری قسە بوویت. بە شەرەفم ئەبی بە ئافرەتێك دۆستیش بەغیلیت پێ بەرێ.

عیبرەت/ یەشتا بسمیللا ئەوی وەرت گرتووە مناڵەکانیشی پێ پۆشتە نابێتەوە.

زەینەڵ/ ئافرەت بێجگە لەو پارەیە شووتیەکەشی بە (دە)قات لێ کڕیمەوە. ئینجا ئەو ئیشانەش وەختی ئەوێ وەخت. ئەوەندە وەرئەگرین نە سەری هەبێ و نەحساب.

عیبرەت/ بەخوا ئەترسم بەم هەیتو هووتە خۆت بدەی بە دارێکا و هەشت بۆ ئێمەش بگریتەوە.

زەینەڵ/ کچێ ئەقڵت بێ ئافرەت. ئەوی لەگەڵ کۆشکە لەوە ئەترسێ لە پەنایەکەوە خەڵکی زەفەری پێ بەرن. ئەوی لەگەڵ میللەتیشە ترسی گورزی کۆشك خەوی لە چاو بڕیوە. بەڵام ئێمە لەسەر دوو پەت یاریی ئەکەین. ئەمیان بە هی خۆیمان ئەزانێ و ئەویان بە هی خۆی.

عیبرەت/ ئەی ناترسی ئەمیان بە هی ئەوت بزانێ و ئەویان بە هی ئەم؟

زەینەڵ/ کچێ نەگبەت. من هەموو شتێکم ئامادە کردووە و لەگەڵ باش بازرگان لەسەر هەموو شتێك ڕێککەوتووین. لەمڕۆ بە دواوە ئەبم بە پاڵەوانی میللەت و دواڕۆژیش تەنیا بۆ ئێمەیە.

عیبرەت/ ئەی قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی تۆ ئەبی بە پاڵەوانی.

زەینەڵ/ ئەی بۆ ناڵێی خۆشی بە حاڵی ئەو میللەتەی من پاڵەوانی بم؟.

عیبرەت/ بەرز مەفڕە. پێشینان وتوویانە ئەوی بەرز بفڕێ، نزم ئەنیشێتەوە. خۆت مەکە بە فس فس پاڵەوان.

زەینەڵ/ ئەی نەفرەت لەوە وتوویە هەر پیاوێکی مەزن، ئافرەتێ پاڵپشتێتی.

عیبرەت/ یەعنی تۆ مەزنیت؟.

زەینەڵ/ کچێ ڕشکن تۆ ئەبێ پشتم بگری. تا خۆمان بگەیەنین بە پلەوپایە.

عیبرەت/ پیاوەکە تۆ سێ مناڵت پێ تێر ناکرێ. چجای ولایەتێك.

زەینەڵ/ تۆ لێم ڕاوەستە. بزانە قسەکەی موراد ناهێنمەدی؟! ئەبێ پیاوێکی گەورەم لێ دەرچێ.

(زۆر بە توندی لە دەرگا دەدرێ)

عیبرەت/ یاڵڵا خێربێ خوایە.

زەینەڵ/ بڕۆ بزانە کێیە؟. هەی ترسنۆك ئەمڕۆ ئاگرێك خۆش ئەبێ، تەنیا ئێمە ناسووتێنێ.

(عیبرەت دەچێ دەرگا دەکاتەوە و ئەمین بە شڵەژاوی و بە پەلە خۆی دەکا بە ژوورا)

ئەمین/ زەینەڵ هەموو دنیا خرۆشاوە.

زەینەڵ/ بۆ چیبووە کاك ئەمین؟

ئەمین/ ڕەشبگیرێکە ئەوپەڕی دیار نەبێ. نیوەی خەڵکیان ئاخنیوەتە زیندان. لە ژیانما ئەوەندەم پۆلیس و ژەندرمە لە شارا نەدیوە. تا زووە خۆت بشارەوە. ئێمە بەردەست بکەوین بێ ئارەق دەرناچین.

زەینەڵ/ کاك ئەمین تۆزێ لەسەرخۆبە. براکەم ئێمە کە بەو کارانە هەڵساوین، ئەم ڕۆژەشمان لەبەرچاو بووە. ئێستا چۆن ئەکرێ لە شکستی میللەتا ئێمە پشتیان تێ بکەین؟.

عیبرەت/ ئەی ماڵم وێران. قوڕ کرا بە سەرمانا. سەر بۆ کوێ بەرین. زەینەڵ نەموت کە لافاو هات هەمووی لەگەڵ خۆی ڕائەدا.

زەینەڵ/ وسبە چەتیو، دەمت داخە. کاکە ئەمین من بڕیارم داوە تا دوانەفەس بۆ ئەم میللەتە تێکۆشم و بەرگری لە میللەت و خواستی میللەت بکەم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمین/ براکەم ئێستا وەختی بەرگری نییە. ئێستا وەختی خۆ حەشاردانە. بە هەرحاڵ ئێمە لە گونجەکەی پشت سەرقەبران لای شاعیری شار خۆمان شاردووەتەوە.

زەینەڵ/ دەروێش موورادیش؟!

ئەمین/ نەء. ئەو دەفی گرتووە بەدەستەوە و کۆڵان بە کۆڵان شیعر ئەخوێنێتەوە و گۆرانی ئەڵێ.

زەینەڵ/ باشە براکەم باشە تۆ بڕۆ. منیش بزانم ڕێگەیەك بۆ خۆم ئەدۆزمەوە.

(ئەمین ماڵئاوایی دەکا و بە پڕتاو دەردەچێ)

عیبرەت/ نەموت خۆت تووشی گۆبەندێك ئەکەی؟.

زەینەڵ/ کچێ ئەقڵت بێ ئەوە پیلانی خۆمانە. منیش ئەگیرێم بۆ ئەوەی کەس گومانم لێ نەکا.

عیبرەت/ ئەی ئەوانی تر؟

زەینەڵ/ جێگای ئەوان ئاشکرا ناکەم. با وەکو مشك بچنە کونەوە لە ترسی خۆیان نەتوانن سەر هەڵبڕن.

عیبرەت/ ئەی ئەو دەروێش مووراده؟

زەینەڵ/ ڕەنگە ئێستا لە زیندان توند کرابێ.

عیبرەت/ ئاخر خوا بتگرێ ئەوانە متمانەیان پێ کردی.. چۆن ئاوا بە ئاسانی ئەیانفرۆشی بەو سەگ و گورگەی ئێمەش ساڵەهای ساڵە بەدەستیانەوە ئەناڵێنین.

زەینەڵ/ ئەوانەی تۆ باسیان ئەکەی ئەوەندە لام بە نرخن کە نەتوانم بە هەرزان بیانفرۆشم. ئاخر بێ ئەقڵ پێم ناڵێی کاتێ بێ شێو سەرمان ئەنایەوە کێ ئەیوت فەرموو ئەوە نانێ؟. هەر کەسە و بۆ فرۆشتن نرخێکی هەیە. بەڵام کەس نییە لە دنیا نەفرۆشێ و نەفرۆشرێ.

عیبرەت/ ئەوە ئەو گلەییانە لە باش بازرگانی هاوڕێت بکە. چونکە ئەوانی تریش وەك ئێمە بێ شێو سەریان ئەنایەوە و ئەو ئەبوو لات لێ بکاتەوە، نەك ئەمان.

زەینەڵ/ خوا ئەقڵ بدا بە ئەولادت. کچێ مردووت مرێ من هەرچییەك ئەکەم لەبەر خاتری ئەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا خەمت نەبێ ناهێڵم هیچیان بەسەربێ.

—تاریکی—

—زیندان—

(مووراد بە تەنیا لە ژوورێکی زیندانە و ماندوویەتی پێوەدیارە)

مووراد/ (لەبەرخۆیەوە) ئەم دەردە کوشندەیە چییە. تا لە جەنگ و داگیرکردنان میللەت بە کوشت ئەدەن. کە ئاهێکیشیان پیا هاتەوە خۆیان ئەکەونە قڕکردن و ناهێڵن کەس ئیسراحەت بکا. ئای زەینەڵی داماو ئەبێ ئێستا لە چ وەزعێکا بیت. هەر ئەوەندە بەرگە بگریت و ناوی کەس نەڵێی، ئیتر ئەبی بە ڕەمزی توانا و لێهاتوویی.

زەینەڵ/ (دەنگی لە دوورەوە دێ و، وردە وردە نزیك دەبێتەوە، دەنگی هیلاکی و ئازاری پێوە دیارە) ڕۆژێك دێ میللەت هەقی هەموومانتان لێ ئەسێنێ. قوڕبەسەرتان لە دەست لافاوی ڕقی ئەم گەلە بۆ کوێ ئەچن. (مووراد گوێ قولاغ بووە) بمرێ زۆردار. (لەگەڵ قسەکانی زەینەڵدا، مووراد چاوەڕوانە بگاتە ژوورێ) دەرگای ژووری بەندیخانە دەکرێتەوە و، زەینەڵ بە دەست دوو ژەندرمەوەیە و بە کێشی دەکەن بۆ ژوورەوە و فڕێی دەدەن. مووراد بەرەوڕووی دەچێ دەست دەخاتە ناو دەستی. دەرگاکە دادەخرێتەوە).

مووراد/ زۆریان لێدای؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەینەڵ/ قامچی و فەلاقەی زۆردار، زیاتر هانمان ئەدەن بۆ تێکۆشان.
موراد/ تۆزێ لەسەرخۆبە زەینەڵ. ئەم قسانە کاریان تێ ناکا. بەڕاستی لە قوڵایی دڵمەوە داوای بەخشینت لێ ئەکەم، کە هەر دوودڵ بووم لێت و کەمێك گومانم لە دڵسۆزیت ئەکرد.
زەینەڵ/ (هێشتا خۆی هیلاك نیشان دەدا) دەرویش ئێستا وەختی ئەم قسانە نییە. من ئەبێ داوای لێبووردن لە ئێوە بکەم. کە بڕیارتاندا دەست لەگەڵ باش بازرگان تێکەڵ بکەم و، نەمتوانی خواستەکەتان بەجێ بهێنم.
موراد/ یەعنی لەگەڵی ڕێك نەکەوتی؟!.
زەینەڵ/ یەعنی خۆت وەزعەکە نابینی؟. ئەمە هەمووی داری ئەوانە بە ڕۆحمانەوە. چۆن ئەتوانم دەست بخەمە دەستێکەوە لە خوێنی میللەتا نوقمە. ئەگەرچی بە فێڵیش بێ.
موراد/ بۆیە تۆشیان زیندان کرد؟.
زەینەڵ/ باش بازرگان خۆی سەرپەرشتی ئازاردانمی ئەکرد.
(لە پڕ دەرگا دەکرێتەوە و دوو ژەندرمە قۆڵی موراد دەگرن)
ژەندرمە/ ئینجا نۆرەی جەنابتە. خوا بکا تۆش وەك هاوڕێکەت کەللەڕەق نەبی و هیلاکمان نەکەیت. (دەیبەن. پاش ماوەیەکی کەم باش بازرگان دێتە ژوورەوە و زەینەڵیش قیت دەبێتەوە و پێوەی دیارە کە لێی نەدراوە)
باش بازرگان/ ها. ئێستا وەزعت لە چیایە؟
زەینەڵ/ باشم. لە سایەی سەری ئێوەوە زۆر چاکم. پیلانەکەمان بە تەواوی سەری گرتووە و هەر ئەوە ماوە ئازاد بکرێین.
باش بازرگان/ موراديش؟
زەینەڵ/ ئەی ئەگەر ئەو بەرنەبێ، چۆن خەڵکی باوەڕ بە من ئەکەن؟.
باش بازرگان/ زەینەڵ نەکەی لەسەر دوو پەت یاری بکەی؟
زەینەڵ/ لە پێناوی چیا؟. لای ئەوان چیم دەست ئەکەوێ؟. هەزار دروشم یەکێ لە منداڵەکانم تێر ناکەن. پاشان ئەگەر وابێ چۆن ئەتوانم لە ناویان بمێنمەوە دوای ئەم هەموو بکوژ و ببڕەی ئێوە.
باش بازرگان/ کەی ئەتەوێ بەربن؟
زەینەڵ/ بەربوون نا. چونکە گرتنی ئەو هەموو خەڵکە و بەربوونی ئێمە زۆر بێ مەعنا ئەبێ..
باش بازرگان/ ئەی چی بکەین؟.
زەینەڵ/ پیلانێکی وا دانێین من و موراد بتوانین خۆمان دەرباز کەین و ڕاکەین. ئەو کاتە ئەویش ناوێرێ خی دەرخا و خۆم هەموو شت ئەگرمە دەست.
باش بازرگان/ تۆ بەڵای بەڵا. سبەی ئەتاننێرین بۆ بەندیخانەیەکی تر و لە ڕێگا قوتار بن.
زەینەڵ/ دە ئێستا خواردنێکی تێر و تەسەلم بۆ بنێرە. چونکە کە موراد هاتەوە ناتوانین هیچ بخۆین و تا سبەینێش لە برسا ئەمرم.
باش بازرگان/ ئێ؟. چی تریش؟
زەینەڵ/ وەك پێم وتی، نەکەی خۆت پەیوەندیم پێوە بکەی. با یەکێکی تر لە بەینا بێ.
-تاریکی-

-سەرەڕێ-

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(لاپێیەکی ناوشارە– موراد و زەینەڵ پێکەوەن. هەردووکیان ماندوییان پێوە دیارە و دەشەلن)
موراد/ زەینەڵ، ڕاکردنمان یەعنی باوەڕ نەبوونمان بە مەسەلە ڕەواکەمان.
زەینەڵ/ ئێمە سەلماندمان کە دوژمن قەت ناتوانێ زەفەرمان پێ بەرێ. ئێستاش میللەت پێویستی بە ئێمەیە لەگەڵیا بین نەك لە زیندان.
موراد/ من بەری پێم ئەوەندە هەڵئاوساوە هێزی ڕۆیشتنم نییە.
زەینەڵ/ دەرویێش. من لە تۆ زیاتر فەلاقە کراوم. بەڵام ئێستا کاتی حەوانەوە نییە.. کەسوکاری گیراوەکان بەردەوام ڕژاونەتە کوچە و کۆڵانان. ئەبێ یەکێ لە ئێمە سەرپەرشتیان بکا و ئاگری شۆڕش خۆش کا. تۆ بڕۆ گونجەکەی پشت گۆڕستان و کەمێ بحەوێرەوە. بەڵام یەکێ بنێرە بە شوێن ماڵ و منالەکەما چونکە جەندرمە هەراسانیان ئەکەن. منیش ئەگەر نەگیرام و نەکوژرام ئەوە ئێوارە دێم بۆ لاتان.
(زەینەڵ بە شەلە شەل دەڕوا و، موراد لە جێی خۆی حەپەساوە)
–تاریکی–

–گونجەکەی شاعیر–
(شاعیر، مام ئەحمەد، موراد و ئەمین دۆش داماون)
موراد/ هەرگیز لە خەیاڵما نەبووە ڕۆژێ لە ڕۆژان زەینەڵ بەو پاڵەوانیە ببینم. ئەو هەموو دارکاری و فەلاقەیە زیاتر دروشمیان پێ بەرز ئەکردەوە و وەك پۆڵا بەرەو ڕوویان ئەوەستایەوە.
مام ئەحمەد/ ئێمەش وەك مشك خزاوینەتە کونەوە و لە ترسی گیانی خۆمان هەموو دنیامان بیر چووەتەوە.
شاعیر/ ئێمە وەك زەینەڵ نین. گرتن و کوشتنی ئێمە گەورەترین زیان بە گەل و نیشتمان ئەگەیەنێ. ئێمەومانان شیعر و دروشم ئەنووسین و پیلان دائەنێین و خەڵکی وەك زەینەڵیش بڵاویان ئەکەنەوە و بە ئەنجامی ئەگەیەنن.
موراد/ خۆ ئەبێ تۆی شاعیریش هەڵوێستێکت هەبێ لەگەڵ شیعرەکانت بگونجێ.
شاعیر/ ئەگەر من تیا بچم ئیتر کێ شیعر ئەنووسێ؟
موراد/ بۆ تۆ وائەزانیت تەنیا شاعیریت لە شارا؟. تۆ تەنیا لەم گونجەدا تەنیا شاعیریت. ئەگینا ار پڕە لە شاعیر و شاعیری بەرگریش.
شاعیر/ تۆ ئەتەوێ لە نرخی داهێنانم کەم بکەیتەوە. ئەگینا چۆن فەرقی من و زەینەڵ نییە.
موراد/ من قەت نامەوێ لە نرخی شیعرەکانت کەم بکەمەوە. تەنیا ئەوەندەم ئەوێ خۆشت لە ڕادەی شیعرەکانتا بیت. شیعرەکانت ئاگریان لێ ئەبارێ و خۆشت....
شاعیر/ ئێ، خۆم چی؟
(سێ جار لە دەرگا دەدرێ. هەر جارەی دوو جاری تاك تاك و دوو جار بە سەر یەکەوە، بەو شێوەیە دەزانن یەکێك لە خۆیانە. ئەمین دەرگاکە دەکاتەوە و شێت خۆی دەکا بە ژوورا).
شێت/ هەموو دنیا خرۆشاوە و ئێوەش لێرە دانیشتوون.
مام ئەحمەد/ چی بووە؟
شێت/ زەینەڵ کەوتووەتە پێش کەسوکاری گیراوەکان و داوای بەربوونیان ئەکەن.
موراد/ ئەمە کەی؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شێت/ بەردەمی بەندیخانە بووە بە بورکان و تەقیوەتەوە. ئەڵێی ڕۆژی حەشرە. کۆشکی والیان هێناوەتە لەرزین.
موراد/ ئێستا نەئەبوو ئێمەشیان لەگەڵ بین؟.
شاعیر/ کێ ڕێی لێ گرتووی. تۆش بە شەلەشەل دوایان کەوە.
مام ئەحمەد/ تۆش لەم گونجە تاریکەوە شیعری درەوشاوەمان بۆ بنووسە.
موراد/ کورینە من ئەڕۆم. کێ دێت لەگەڵم با بێت. ئەوی ناشیەت با شیعر بنووسێ.
(دەڕوا. یەك یەك ئەوانی تریش بەدوایدا دەڕۆن. دوایەمین کەسیش شاعیرە، دوودڵە لەوەی بچێ. یان نەء).
-تاریکی-

-دیسانەوە لە خانی مەیدان-
شاعیر/ من تێناگەم. زەینەڵ دوێنێ هاتە ناومان، ئەمڕۆ چۆن ئەبێ بە نوێنەری میللەت لای والی.
زەینەڵ/ خۆت چاك ئەزانیت کە من خۆم خۆم هەڵنەبژاردووە. خەڵکی هەڵیان بژاردووم. ئێستاش ئەگەر ئێوە ڕازی نەبن ناچم. چونکە هەموو کۆشکی والی و سوڵتانیش ناگۆڕمەوە بە یەك دێڕ لە شیعرەکانی تۆ، کە ئاگری شۆڕشیان خۆش ئەکرد و ترسیان لە دڵی خەڵکا زیندەبەچاڵ ئەکرد.
شاعیر/ (لە هەڵوێستی خۆی شەرم دەیگرێ) ببوورە من مەبەستم هیچ نییە. هەموومان ئەزانین کە تۆ شێرئاسایی بەرگریت کردووە و پاش ڕاکردنیشت لە جیاتی ئەوەی خۆت بشاریتەوە. خۆپێشاندانت دروست کردووە.
زەینەڵ/ سوپاست ئەکەم، من لە چاو ئێوەدا هیچم نەکردووە. من پێش ئەوەی ئێوە بناسم سەرلێ شێواو بووم و لە فشە و درۆ زیاتر هیچم نەئەزانی. ئێوە ئاگری شۆڕش و جوامێریتان لە دڵما کردەوە و بەو ماوە کەمەی لەگەڵتانا بووم ڕێی ڕاستتان بۆ دەستنیشان کردم و لە هەڵەشەیی ڕزگارتان کردم. ئەگەر شتێکیشم کردبێ ئەوە دڵۆپێکە لە دەریای تێکۆشانی ساڵەهای ساڵی ئێوە. ئەم ڕۆژەش کە کۆشکی ناچار کردووە سەردانەوێنێ بۆ جەماوەر و لەگەڵمانا بدوێ لە ئەنجامی تێکۆشانی دوور و درێژی ئێوەیە.
موراد/ زەینەڵ. پێویست بەو خۆ بە کەم گرتنە ناکا. تۆ میللەت هەڵیبژاردوویت و ئێمە سەر نەوین لە ئاستی بڕیاری میللەتا. ئەو جوامێریەی تۆش لەم ماوە کورتە دڵسۆزی و ئازاییتی سەلماند. لەبەرئەوە ئەگەر ئێمەش هەڵبژێرین، لە تۆ چاونەترستر و تێکۆشەرترمان دەست ناکەوێ.
زەینەڵ/ بیرتە کاتی خۆی ئەتوت -ئەوی هیچی نەبێ لە هیچ ناترسێ-؟! منیش هیچم نییە لێی بترسم و لەکیسم بچێ.
مام ئەحمەد/ من ئەڵێم واز لەو قسانە بێنین و لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین. بزانین داواکاریەکانمان لە کۆشك چی بێ.
ئەمین/ بەربوونی هەموو گیراوەکان.
مام ئەحمەد/ وایە، وایە.
شاعیر/ نابێ کەس لە زیندانا بمینێ.
زەینەڵ/ ئەوی ئێوە ئەیڵێن داواکاری نییە.
مام ئەحمەد/ چۆن؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زەینـەڵ/ ئەگـەر هـەموو گیراوەکـانیش ئـازاد بکـرێن وەك هەفتەیـەك لەمەوپێـشی لێ دێتـەوە، ئـەو کاتـەی کـە نەگیرابوون. چونکە خۆیان گرتوویانن و خۆشیان بەریان ئەدەن و هەرکاتێکیش بیانەوێ ئەیانگرنەوە.

شێت/ ئافەرین.

زەینەڵ/ ئەبێ ئەوانەی ئازاری میللەتیان داوە سزا بدرێن.

موراد/ زۆر ڕاستە.

زەینەڵ/ ئەبێ خەڵکی ئاسوودە بژین و هیچ کەسێك ترسی دواڕۆژی نەبێ.

–تاریکی–

هەموو/ (لە ناو تاریکیەوە، هەموو پێکەوە) ئافەرین

پشوو

بەشی دووەم

–کۆشکی والی–

(سەرۆکی ژەندرمە و وەزیر و باش بازرگان دەوری زەینەڵیان داوە. زەینەڵیش کزۆڵە و بێدەنگ ڕاوەستاوە)

وەزیر/ یەك وشەی کەم و زیاد لەوەی پێمان وتی. یەعی خۆت و خاو و خێزانت ئەخەیتە تەهلوکە.

زەینەڵ/ قوربان خزمەتکاری جەنابتانم. هەر ئێوە فەرمان بدەن، من وا ئەکەم.

س.ژەندرمە/ ئاخر زەمانە. قەت بووە والی داوای بینینی ناکەس بەچەیەکی عەوام بکا..

زەینەڵ/ قوربان هیچ گوناحی منی تیا نییە. جەنابتان ناردووتانە بە دواما. ئـەگینا مـن قـەد حـەدی ئـەوەم نییـە لـە کۆشك نزیك ببمەوە.

وەزیر/ وەکو پێم وتی. ئاگات لە دەم و زمانت بێ. (لەگەڵ س.ژەندرمە و باش بازرگان) با ئێمـە بـڕۆین و والی لێـرە نەمانبینێ.

س.ژەندرمە/ (ڕوودەکاتە زەینەڵ) زمانت لە کاکیلەتەوە دەرئەهێنم.. ها.

(وەزیر و س.ژەندرمە دەیانەوێ بڕۆن)

وەزیر/ ئەی تۆ نایەیت باش بازرگان.

باش بازرگان/ خۆ ئەبێ یەکێ ئاگای لە قسەکانی بێ. نەك قسەی نابەجێ بکا.

وەزیر/ زۆرباشە. تۆ ئاگاداریبە.

(هـەردووکیان دەڕۆن، بـەدەم ڕۆیـشتنەوە هـەر هەڕەشـە لـە زەینـەڵ دەکـەن و ئـەمیش خـۆی کـز و کەسـاس نیـشان دەدا. تا ئەوان دەچنە دەرەوە، ئینجا خۆی قیت دەکاتەوە)

زەینەڵ/ تۆ بڵێی بتوانن زەفەرم پێ بەرن؟

باش بازرگان/ ئاوا مەیانبینە. ئەوانە وەك شێرە بەفرینە وان. کە تیشکی والیان بینی ئەتوێنەوە.

زەینەڵ/ ئەترسم والی نەتوانێ لەدەستیان ڕزگارم بکا.

باش بازرگان/ ئەویان ئەکەوێتە سەرخۆت. ئەگەر بتوانی والی بێنیتە سەربار، ئەوە لـە کۆشکا ئەمێنیتـەوە و کـەس ناتوانێ بڵێ بەری چاوت کلی پێوەیە.

زەینەڵ/ کۆشکی چی، بڵێ شا.. خۆ ئەوەندە پێچ و پەنای تیایە ئەڵێی کۆشـکی هەقایەتـە. باشـە والی ئـەم هـەموو ژوور و هۆڵ و باخ و بەزم و ڕەزمەی بۆچییە؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

باش بازرگان/ تۆ هێشتا کۆشکت نەدیوە.. ئەوەندە گەورەیە تۆ دەیەکیت نەدیوە.
زەینەڵ/ بەدەست من بوایە عیبرەتم ئەهێنا هەر خەریکی پاك کردنەوە بێ و وەختی چەنەحەلانێی نەبێ.
باش بازرگان/ بیرت نەچێتەوە چی بە والی بڵێی..
زەینەڵ/ جا توخوا ئەوە شتێکە پیاو بیری بچێتەوە؟. بەڵام تۆ بڵێی وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە نەتوانن هیچم لەگەڵ بکەن؟!.
باش بازرگان/ گوێ بگرە زەینەڵ. سەد جارم پێ وتی والی لە دەرفەتێك ئەگەڕێ هەردووکیان دەرکا. ئینجا ئەگەر تۆ بتوانی ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێنی، ئەوە....
(قسەکەی تەواو ناکا حاجب دێتە ژورەوە)
حاجب/ جەنابی والی تەشریفی هێنا
(هەردووکیان لەگەڵ حاجب دەچەمێنەوە و، والی دێتەژوورەوە و حاجب بەرەوپشت دەڕوا)
والی/ ها باش بازرگان. دەنگ و باستان.
باش بازرگان/ قوربان لە خزمەت جەنابتاین.
والی/ ئەمە نوێنەری گەلە؟.
زەینەڵ/ (هەر چەماوەتەوە) قوربان حەدم نییە من نوێنەری گەل بم. جەنابتان باوکی گەلن
والی/ بە ڕەوشت دیاری.
زەینەڵ/ قوربان لە حوزووری جەنابتانا زمانم لاڵە.
باش بازرگان/ قوربان زەینەڵ خۆشەویستی گەل و، جێی متمانەی کۆشکە
زەینەڵ/ ئەوی بە دیدەنی جەنابی والی شاد بێ، هەر ئەبێ خۆشەویستی گەل بێ
والی/ درۆم لەگەڵا مەکە گەوجە. تۆ وا ئەزانی من خەبەرم پێ ناگا؟. ئەی ئەگەر خۆشەویستی گەلم بۆچی ئەچنە سەر کوژە و کۆڵانان؟!
زەینەڵ/ قوربان تەنیا لەبەرئەوەی دەنگیان بگاتە جەنابتان. داوا ئەکەن ئەو دیوارە بەرزە بڕوخێنی کە لە نێوان جەنابتان و خەڵکیدا دروست کراوە.
والی/ کابرا تۆ شێت بووی؟ دیواری چی و تەڕەماشی چی؟.
زەینەڵ/ قوربان ئینشائەڵڵا قەد حەدی ئەوەم نابێ لە حوزووری جەنابتانا درۆ بکەم. بەڵام ئەگەر بزانیت بە ناوی جەنابتانەوە چی لەو میللەتە ئەکرێ، بە دەستی پیرۆزی خۆت دەورو‌پشتی خۆت پاك ئەکردەوە. قوربان...
(قسەکەی دەبڕێ)
والی/ چییە بۆ بێدەنگ بووی؟.
زەینەڵ/ قوربان ئەترسم.
والی/ مەترسە هیچت لێ ناکەم
زەینەڵ/ قوربان ئەترسم سەرۆکی ژەندرمە و وەزیر زەفەرم پێ بەرن و، منیش خاوەنی ڕەوەیە خێزانم.
والی/ کابرا ئەقڵت بێ. وەزیر و تەڕەماش کێن؟ تۆ لەگەڵ والی وەستاوی. والی
زەینەڵ/ قوربان بە ڕاستی تالانی و زۆرداریەك لەو خەڵکە ئەکرێ، لە وزەی کەسدا نییە.
والی/ چۆن؟ بێ پێچ و پەنا و بێ ترس هەموو شتێکم لەسەرخۆ بۆ باسکە و لە منەوە ئەمین بە ناهێڵم هیچت بەسەر بێ و ئەتخەمە ژێر سایەی خۆمەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(زەینەڵ دەکەوێتە قسەکردن بۆ والی. لەگەڵ دەست جووڵاندنەوە و جاروباریش باش بازرگان بەشداری دەکات. ئەم کەین و بەینە، مۆسیقا تیایدا زاڵە و قسەکان نابیسرێن تا والی دەکەوێتەوە قسە)

والی/ ئاوا؟!!

زەینەڵ/ بەڵێ قوربان زیاتریش

والی/ یەعنی من کۆمەڵێ خائین و چەتە و ڕێگرم لە دەورە و هیچی تر.

باش بازرگان/ قوربان من کاتی خۆشی بۆم باس کردیت، کە بە ناوی جەنابتانەوە زۆر شتی نابەجێ ئەکرێ.

والی/ (لەگەڵ زەینەڵ) تۆ ئەتوانی بەرەوڕووی وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە و پۆلیس ئەم قسانە بکەیت؟

زەینەڵ/ نەخێر.

والی/ یەعنی چی؟!

زەینەڵ/ قوربان خەڵکێکی بەکرێگیراوی زۆریان لە دەورە و تاوانبار و پیاوکوژی وڵاتیان لە ژێر دەستایە و منیش منداڵم وردە.

والی/ کابرا من پێم وتی ئەتپارێزم. کێ حەدی هەیە لێت نزیك بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من بە ئاسانی بە قسەی تۆ بڕوا ناکەم. خۆم تاقیان ئەکەمەوە.

زەینەڵ/ قوربان هەقی جەنابتانە.

والی/ (بانگ دەکاتە حاجب) حاجیب هەر ئێستا وەزیر و سەرۆکی ژەندرمەم بۆ بانگ کە

باش بازرگان/ قوربان ئەگەر خۆت وا پیشان بدەی کە هیچ نازانی چاکتر بۆت ئاشکرا ئەبن.

والی/ (ڕوو دەکاتە زەینەڵ) ئەگەر قسەکانی تۆش ڕاست نەبن لە ملت ئەدەم.

زەینەڵ/ (لەبەرخۆیەوە) ئەی باوکەڕۆ. (لەگەڵ والی) من ئامادەم قوربان.

باش بازرگان/ قوربان من وای بۆ ئەچم کە حەکیم باشیشیان لەگەڵ بێ.

والی/ باش بازرگان ئەگەر ئەم قسانەی ئێوە ڕاست بێ ئەوە وەزیر و سەرۆکی ژەندرمەش ڕەوانەی دۆزەخ ئەکەم.

قوربان ئەگەر خۆت وا پیشان بدەی کە نەخۆشی، ئەوە حەکیم باشیشت بۆ تاقی ئەبێتەوە.

حاجب/ (دێتە ژوورەوە) قوربان جەنابی وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە ئامادەن.

والی/ با بێنە ژوورەوە و بنێرن بە دوای حەکیم باشیشا.

حاجب/ قوربان حەکیم باشی دەمێکە لە دەرەوە چاوەڕوانە جەنابت مۆڵەتی بدەی بێتە خزمەتتان.

والی/ با ئەویش بێت.

(حاجب دەنووشتێتەوە و دەڕوا. دوابەدوای ئەو، وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە و حەکیم باشی دێنە ژوورەوە و، بۆ والی دەچەمێنەوە و سەلام دەکەن)

ها.سەرۆکی ژەندرمە و پۆلیس، وەزعی وڵات لە چیایە؟.

وەزیر/ قوربان لە سایەی جەنابتانا هەموو دنیا ئاسوودەیە.

والی/ من لە سەرۆکی ژەندرمەم پرسی

س.ژەندرمە/ قوربان وەك جەنابی وەزیر فەرمووی هەموو میللەت دوعای خێرت بۆ ئەکەن (بە تیلەی چاو سەیری زەینەڵ دەکا و، زەینەڵیش وەك ئاگای لە هیچ نەبێ و بەستەزمانانە لە حوزورا وەستاوە).

والی/ ئەی ئەم هەرا هوریایە چییە ئەیبیستم؟..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

س.ژەندرمە/ قوربان هەراو هوریای چی؟ لەسەر خواستی جەنابتان، خۆمان بەلبەلەیەکمان نایەوە و ئەم زەینەڵی حازریەمان لای خەڵکی کرد بە پاڵەوان.

والی/ ئەی تۆ حەکیم باشی؟ هیچ دەرمانێکت نییە بۆ ئەم سەریەشەیەم؟

حەکیم باشی/ قوربان وەك عەرزی جەنابتانم کرد پێویستە شەو زوو بخەون و بەیانیان زوو لە خەو هەڵسن و وەرزش بکەن. چونکە ئیسراحەتی زۆر و وەرزشی بەیانیان زۆر دەرد ئەپەڕێنن. ئەگەر کەمێك خەم و پەژارەی وڵاتیش لە مێشکت دەرکەی. ئەوەندەی تر ئیسراحەت ئەکەی.

وەزیر/ قوربان ئێمە کاروباری دەوڵەت وەك کاتژمێر بەڕێوە ئەبەین و پێویست ناکا جەنابتان خۆتان بە شتی وردەوە خەریك بکەن.

والی/ دیارە. دیارە. ئەوە نییە بوویت بە حەکیمیش؟.

وەزیر/ قوربان باوەڕ ئەکەیت ئەوەتەی جەنابتان وتووتانە سك چوونتان لەگەڵایە منیش تووشی ئازاری ویژدان بووم.

زەینەڵ/ (لەبەرخۆیەوە) دیارە ئەویش ویژدانی ئەچێ.

وەزیر/ (بەردەوامە) لەو ڕۆژەوە ماخۆلانم پێ کەوتووە و، چی کتێبی پزیشکی هەیە خوێندوومەتەوە بۆ ئەوەی بتوانم جەنابتان لەو بەڵایە ڕزگار بکەم.

والی/ ئادەی بزانم.

وەزیر/ قوربان هەموو حەکیمەکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتووە، کە باشترین چارەی سکچوون ماستە. ئەگەر جەنابتان ماستاو بخۆنەوە و بچن بۆ ڕاو. ئەوە هەم ئازاری سەرتان چاك ئەبێتەوە و، هەم سك چوونەکەشتان لەکۆڵ ئەکەوێ.

حەکیم باشی/ (لەبەرخۆیەوە) ئەی بەقوڕتاکەم.

(زەینەڵ بەگوێی باش بازرگاندا دەچرپێنێ و ئەویش دەچرپێنێ بە گوێی والیدا)

والی/ چاکە، چاکە. وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە و حەکیم باشی لەو دیو چاوەڕوان بن تا دەنێرمەوە بە دواتانا.

(هەرسێکیان دەچەمێنەوە و دەڕۆن)

زەینەڵ/ قوربان خۆ ئێستا هەموو شتێکت بۆ دەکەوت.

والی/ تۆ شێتی کابرا؟ چیم بۆ دەرکەوتووە.

زەینەڵ/ قوربان بە ئاشکرا دوژمنایەتیان دیاربوو.

باش بازرگان/ ڕاست ئەکا قوربان (لەبەرخۆیەوە) هەرچەندە ناشزانم مەبەستی چییە.

والی/ ئادەی بزانم چیت هەیە ڕوونی بکەرەوە

زەینەڵ/ قوربان ئەمانە لە پێچ و پەنادا وەستان. وەستا. ئەیانەوێ کاری بۆگەنی خۆیان ئەنجام بدەن بێ ئەوەی هەستیان پێ بکرێ. بەڵام مەبەستیان ئاشکرایە.

والی/ چۆن؟

زەینەڵ/ قوربان حەکیم باشی پێت ئەڵێ واز لە ئیشوکاری وڵات بێنە و وەزیریش پاڵپشتی ئەگرێ. لە ژێر پەردەی سەرئێشە و سەرقورسی جەنابتانا. ئەگینا خۆیان چاك ئەزانن، ئەو ئەرك و خەمەی لەسەر شانی جەنابتانە بەرامبەر بە وڵات. شتێك نییە بە دەست خۆتان بێ و بتوانن وازی لێ بێنن. قوربان ئێوە باوکی ئەو میللەتەن. سەرێکیش ئەوەندە مێشك و ئەقڵی تیابێ وەك سەری جەنابتان، هەرئەبێ قورس بێ. سەری سووك

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەنیا بە لای ئەو کەسانەوەیە کە مێشکی بەتاڵ و بیری پووچیان هەیە. ئازاری جەنابتان ڕوون و ئاشکرایە. بیرێکی ڕۆشن و پرشنگدارتان هەیە و لەبەر ڕۆشنایی ئازارتان ئەدا. چرایەك بە ڕۆژ داگیرسێ ڕۆشنایی کەم ئەبێ. لەبەرئەوە پێویستە جەنابتان تەنیا لە تاریکیا ئیسراحەت بە لەشتان بدەن و بیری ڕۆشنتان لەو میللەتە بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگایان بۆ رووناك بکەنەوە (لەگەڵ ئەم قسانەدا والی سەری ڕەزامەندی ڕادەوەشێنێ و باش بازرگان خەندەی سەرکەوتن لەسەر لێوێتی) قوربان ئەبوو جەنابتان سوڵتان بوونایە. گوایە جەنابی سوڵتان چی لە جەنابتان زیاترە؟!. ئەو ئەرکەی بەسەر شانی جەنابتانەوەیە، نیو ئەوەندە بەسەر شانی جەنابی سوڵتانەوە نییە.

والی/ نا کوڕم، نا . نابێ وا بە سوڵتان بڵێی. ئەو گەورە و باوکی هەموو ولایەتەکانە و ئێمە تەنیا هی ئەم ولایەتەین.

زەینەڵ/ قوربان قەد حەدی ئەوەم نییە هیچ بەرامبەر گەورەیی و مەزنی جەنابی سوڵتان بڵێم. بەڵام ئەو دەورویشتی بە خەڵکی هۆشمەند و بە ئەمەك گیراوە و، کەسیان بیر لەوە ناکەنەوە خراپە و ناکەس بەچەیی دەرهەق بکەن. بەڵام ئێوەی پایەبڵند و مەزن. لەگەڵ ئەوەشدا دەورتان بە نمەك بە حەرام و ناکەس بەچە گیراوە، هەر بەرژەوەندی میللەتتان لەبەرچاوە و خەمی ڕۆژانەیان لە دڵتانایە و ڕۆژێ لە ڕۆژان پشتتان لەو میللەتە نەکردووە. قوربان ئەمانە زۆریان بەو میللەتە کردووە و هەر بەردەوامیش ئەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر زیرەکی و چاپووکی جەنابتان هیچیان پێ ناکرێ و، ئەگەر جەنابیشتان نەبوونایە و چاوی جەنابتیان لێ دیار نەبووایە، نەیان ئەهێشت کەس لە ماڵی خۆیا بخەوێ و کەس هەوایەکی پاك هەڵمژێ. من حەدم نییە بڵێم شت ئەزانم، بەڵام ڕۆشنایی و زیرەکیەك کە لە چاوی جەنابتانا بە دی ئەکەم، موچورك بە لەشما دێنێ. ئومێدی دواڕۆژێکی کامەران لە دڵما کڵپە ئەسێنێ. قوربان ئادەمیزادی گەوج و نەزان بە پێی ئەقڵی تەسکی خۆی بیر ئەکاتەوە. ئەگینا چۆن وەزیر جورئەتی ئەوەی ئەکرد بۆ سك چوون ماست پێشنیار بکا بۆ جەنابتان.

والی/ یەعنی ماست خراپە؟.

زەینەڵ/ قوربان ئەزانم کە جەنابتان هەموو شتێك ئەزانن، بەڵام ئەتانەوێ من تاقی بکەنەوە. ئەگینا قابیلە خۆتان نەزانن کە چەوری بۆ گەدە خراپە.

والی/ گەدە چییە؟

باش بازرگان/ قوربان.. مەعیدە.

زەینەڵ/ (لەسەر قسەی خۆی بەردەوامە) وەزیر خۆشی ئەزانێ. بۆیە ناڵێ چەوری بخۆ. ئەڵێ ماستاو بخۆرەوە و بچۆ بۆ ڕاو. پیاو کە ماستاوی خواردەوە و سواری ئەسپ بوو، ئەوەندەی ڕائەوەشێنێ ماستاوەکە ئەبێ بە کەرە و دۆ

باش بازرگان/ (لەبەرخۆیەوە) ئەی بە قوڕتاکەم.. مەشکەیە

زەینەڵ/ (هەر بەردەوامە) کەرەش چەورە، ئەوەندەی تر سك چوونەکە زیاد ئەکا.

والی/ (لەبەرخۆیەوە) ئەی وەزیری ناکەس بەچە.

زەینەڵ/ قوربان من دڵنیام کە جەنابتان ئەم فرتوفێڵانەتان بەسەرا تێپەڕ نابێ. بۆیە کە وتی ماستاو، لە ناوچەوانی نوورانیتانا خوێندمەوە کە لەوسەری دێنەوە.

والی/ ئا. ئا. ئەی چۆن؟ من خۆم زانیم.. هەر ئێستا هەرسێکیان لە زیندان توند ئەکەم.

زەینەڵ/ قوربان ئەگەر بە قسەی خزمەتکاری خۆت بکەی. پەلە نەکەی چاکترە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

والی/ پەلەی چی کابرا؟. ناکەس بەچەیەك بیەوێ بە سك چوون بمکوژێ، چۆن ئەبێ لێی بێدەنگ بم؟.

زەینەڵ/ قوربان. ئەوە جەنابتان بە زیرەکی و چالاکی خۆتان ئەو پیلانەتان پووکانەوە. ئینجا ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بزانیت چ خیانەتێکی گەورەیان بەرامبەر وڵات و گەل کردووە. (لە گیرفانیدا نامەیەکی بچووك دەردەهێنێ). قوربان ئەم نامەیەش بە قاچی کۆترێکەوە بوو، لەوە ئەچێ ڕاوچی بە هەڵە کوشتبێتیان، لە گۆڕستانی شار دۆزیمانەوە.

والی/ نامەی چی؟.

زەینەڵ/ وەڵامی ئیسماعیل شایە بۆ وەزیر.

والی/ (نامەکەی بەپەلە لێ وەردەگرێ و دەیخوێنێتەوە) بۆ وەزیری بەڕێز. دیاریە بەنرخەکانت گەیشتن.. بۆ مەسەلەکەی خۆمان ئەچم بۆ لای جەنابی سوڵتان و مەسەلەکەی لەگەڵ ئەبڕێنمەوە. ئیمزا و مۆری شای وڵاتی نەهات. (ڕوو دەکاتە زەینەڵ) مەبەستی چییە لە مەسەلەی خۆیان؟

زەینەڵ/ قوربان مەسەلەی بەینی وەزیر و ئیسماعیل شا ئەبێ چی بێ لای جەنابی سوڵتان. هەر ئەوەیە وەزیر بکەن بە والی..

والی/ ئاوا؟!. هەر ئێستا لە ملیان ئەدەم. ئەبێ ئەمڕۆ خوێنیان بڕێژم (دەنەڕێنێ) حاجیب

حاجیب/ (دێت و دەچەمێتەوە) ئەمری جەنابی والی مەزن

باش بازرگان/ (دەچێتە پەنا والیەوە) قوربان ئەگەر ئەو کارە وا بە پەلە نەکەیت چاکترە.

والی/ یەعنی چی؟

زەینەڵ/ قوربان سەرۆکی ژەندرمە. هەموو هێزی ولایەتی لەژێر دەستدایە و تەنانەت یاساوڵەکانیش هەر پیاوی خۆین. باوەڕ ناکەم وا بە ئاسانی و بە پەلە لە ملیان بدرێ.

والی/ من والیم. والی.

زەینەڵ/ قوربان هەموومان ئەزانین کە جەنابتان والی مەزنن. بەڵام باشترین ڕێگا ئەوەیە یەکە یەکە لێیان بدرێ. ئێستا وەزیر بە دەستی سەرۆکی ژەندرمە. سەرۆکی ژەندرمەش پاش ئەوەی هەموو هێزەکانی لە ژێر دەست دەرئەهێنی. مەسەلەی حەکیمیش پێویستی بە پیلان نییە و وەك قالۆنچە پان ئەکرێتەوە.

والی/ تۆ ناوت چی بوو؟

زەینەڵ/ قوربان زەینەڵی خزمەتکارت.

والی/ زەینەڵ تۆ لە ئێستاوە وەزیری منیت (لەگەڵ حاجب) کاتبی دیوانم بۆ بانگ کە (ڕوو دەکاتە زەینەڵ. حاجب دەڕوا) هەر ئێستا فەرمانی بە وەزیر بوونت مۆر ئەکەم و خۆت سەرپشك بە چییان لێ ئەکەیت.

-تاریکی-

-کۆشکی پاشا-

(موراد و شاعیر و ئەمین و شێت و مام ئەحمەد چاوەڕوانی پادشان و عەزیزی دوکانداریش جلی ڕەنگاوڕەنگی وەزیری پۆشیوە)

شاعیر/ من تا ئێستاش هەر سەرەخولێمە. هیچ تێناگەم.

موراد/ ڕووداوەکان ئەوەندە بە پەلە و یەك لە دوای یەکن. کەس سەریان لێ دەرناکا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەزیر/ ئێوە خۆتان بۆ وا خۆتان سەغڵەت کردووە؟. هەرچیەکمان ویستووە هاتووەتەدی. ئەوی خەویشمان پێوە نەدیوە. هەر هاتووەتەدی.
شێت/ بۆ تۆ؟. ئا. لە دوکانداریێکی لاکۆلانەوە. بووی بە وەزیر. ئیتر خەوی چی و خەیاڵی چی؟.
وەزیر/ ئەی ئەوە نییە تۆش شێتیەکەت چاك بووەوە. ئیتر پێویستت بەوە نەماوە خۆت بە شێت پیشان بدەی. پاش ئەوە خوا ئەزانێ پاشا تۆش ئەکا بە چی. ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە هەموومان هەوڵمان بۆ ئەدا. ئەبێ هەموو ببین بە سەنگەر و پاڵپشت بۆ پاشای پایەدار و مەزنمان.
شاعیر/ ئەوە مانگێکە ئێمە داوا ئەکەین پاشا ببینین. یەعنی ئەوەتەی بووە بە پاشا کەسمانی بانگ نەکردووە و کەسمانی نەدیوە.
موراد/ برایان. چاکترین ڕێگا ئەوەیە چاوەڕوان بین بزانین پاشا چی ئەکا. ئەگەر بە دڵی خۆمان و بە خواستی میللەت بوو. ئەوە هەموو هێزمان ئەخەینە پاڵ توانای و دریخی لە یارمەتی ناکەین. خۆ ئەگەر زانیشتمان پشت ئەکاتە گەل، ئەوە وەك جاران ئەکەوینەوە بەربەرەکانی و پاڵپشتی ناگرین.
ئەمین/ ئەوی من تێ ی ناگەم. چۆن توانی یەك بە یەکی کۆشك پاك بکاتەوە و ئەو جێیە بۆ خۆی بپچڕێ.
وەزیر/ ئەمین. خۆی جەنابی پاشا شایستەی ئەو جێیەیە. لە پێشا وای ئەزانی تەنیا وەزیر و سەرۆکی ژەندرمە و پۆلیس پیاوخراپن و وڵات وێران ئەکەن. بۆیە وەزیری بە دەرکردن دا و خۆی جێ ی گرتەوە. هەتا دەورووپشتی سەرۆکی ژەندرمەشی پاك کردەوە و هەر جارەی بە بیانوویەك یەکێ لە پیاوە دڵسۆزەکانی ئەگرت و ئەکوشت و یەکێکی دڵسۆزی خۆی ئەخستە جێ ی. تا وەك سڵق ڕووتی کردەوە. ئەو کاتە هەر بە کڵاو گرتی. پاشان بۆی دەرکەوت کە والیش لەوان چاکتر نییە، هەر زێڕ و زیو کۆ ئەکاتەوە و میللەتیش لە ژێر باری گرانیا ئەناڵێنێ. ناچار کەوتە چاڵ هەڵکەندن بۆ ئەویش و کۆشکی سوڵتانی ڕازی کرد بەوەی والی لابەرن و ئەمیش بە لەقەبی والی جێگیر بێ. بەڵام کە سەیری کرد ئەوانەی نازناوی والیان پێوە لکێنرابوو، هەر خەریکی دەست بڕین و دزی و جەردەیی و سەما و ڕابواردنی جاریە بوون. ئەمەشیانی بە ناچاری گۆڕی و خۆی کرد بە پاشا. ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەوەدا بووە کە ئیتر وڵاتەکەمان ئەوەندە پابەند و پاشکۆی وڵاتان نەبێ و، میللەتەکەمان مانا و تامی سەربەستی بزانن.
موراد/ جەنابی وەزیر. ئەوانەی تۆ باسیان ئەکەی هەموویان بەجێن و کاری زۆر گەورە و مەزنن و کەس ناتوانێ نکۆڵیان لێ بکا. بەڵام لە هەموو ئەو کارانە گەورەتر و سەیرتر ئەوەیە، چۆن تۆی فێری ئەو قسانە کردووە و تۆی لە کوێ دۆزییەوە.
وەزیر/ دەرویێش ئەم قسە بە تویکڵانە نەکەیت چاکترە. جەنابی پاشا خۆی ئەزانێ کێ ئەتوانێ کاروباری بەڕێوەبەرێ و کێ ناتوانێ.
حاجب/ (دێتە ژوورەوە) جەنابی پاشای مەزن زاڵ شا تەشریفی هێنا.
(ئەوانەی دانیشتوون هەموو سەیری یەکتر دەکەن. پاشا زۆر بە هەیبەت و دوو کەس وەك سێبەر بە دوایەوەن دێتە ژوورەوە. بەشێوەیەك سەیری دانیشتووان دەکا، هەموو لەبەری هەڵدەستن. ئینجا یەك بە یەك سڵاویان لێ دەکا)
پاشا/ ئەبێ ئەمڕۆ بە زێڕ بنووسرێتەوە. کە لەگەڵ تێکۆشەرترین و زیرەکترین هاوڕێ و برادەرانی خۆما. لەم شوێنە پیرۆزە یەکتر ببینین و هەوڵ بدەین ئومێد و ئامانجەکانمان بهێنینەدی.
ئەمین/ لە کانگای دڵمانەوە پیرۆزبایی لە ڕۆڵەی گەل ئەکەین کە توانی خۆی بگەیەنێتە کورسی حوکم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشا/ من خۆم نەگەیانوەتە سەر کورسی حوکم. هەوڵ ئەدەم ئەم کورسیە بۆ خزمەتی میللەت بخەمە کار.
مام ئەحمەد/ خوا لە ئێمەت نەسێنێ.
پاشا/ برایان، خۆتان چاك ئەزانن بە یەك دەست چەپڵە لێنادرێ. لەبەرئەوە من پێویستم بە ئێوەی دڵسۆزە. من بە تەنیا هەموو شتم پێ ڕایی ناکرێ. ئەبێ ئێوەش دەست بخەنە دەستمەوە و پێکەوە وڵاتەکەمان لە جەور و ستەم و نەهامەتی ڕزگار بکەین و لە دز و جەردە و خائین پاکی بکەینەوە. من بێ ئێوە تەنیا باڵم. بە باڵێکیش کۆتر نافڕێ. ئێوە هاوڕێی ڕۆژانی تێکۆشان و خەباتمن. نابێ بیریشتان بچێ کە ئێمە هێشتا لە سەرەتای ڕێگایەکی دوژوار و دوور و درێژاین. کۆسپ و تەگەرەی زۆرمان لە ڕێدا ماوە. لەبەرئەوە بڕیارم داوە ئەنجوومەنێکی میللی لە ئێوە پێك بهێنم، لەگەڵما وڵات بەڕێوەبەرن (هەموویان زەردەخەنەی خۆشی دەکەوێتە سەر لێویان) کاری ناو میللەت هەمووی بە ئێوە ئەسپێرم. خۆتان چاك ئەزانن کە هەموو دراوسێکانمان چاویان بڕیوەتە خێر و خێراتی وڵاتەکەمان و لە فرسەتێك ئەگەڕێن کە بمانکەن بە ژێر دەستەی خۆیان و توانای میللەتەکەمان ئیفلیج بکەن. لەبەرئەوە ئەبێ ئێمەش چاوێك بکەین بە چوار و بە دەستێکی پۆڵایین سەری هەموو گێرەشێوێنێك پان بکەینەوە، پێش ئەوەی لەوە زیاتر تەشەنە بکەن و شۆڕشە ساواکەمان زیندەبەچاڵ بکەن.
ئەمین/ ئێمە قەد ڕازی نابین وڵاتەکەمان بکەوێتە ژێر دەستی بێگانە.
مام ئەحمەد/ لە پێناوی وڵاتا خۆمان بەخت ئەکەین.
پاشا/ منیش ئەگەر لە تێکۆشەری و دڵسۆزی ئێوە دڵنیا نەبوومایە، نهێنی دەوڵەتم بۆ نەئەدرکانن و ئەرکی قورس و مەزنم پێ نەئەسپاردن. برایان نابێ ئەوەمان بیر بچێ کە ئەو دەوڵەتانە، بەکرێگیراو و چڵکاوخۆری زۆریان بە ناو وڵاتە پیرۆزەکەمانا بڵاو کردوەتەوە. ئینجا ئەبێ ئێمە لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین و ئەوی وتی لەل، لەلی ببڕین. لەبەرئەوە پێش هەموو شتێك، دەروێش مورادمان داناوە بە قازی یەکەمی وڵات. دڵنیاشم لەوەی وڵات ئەکا بە ماستی مەییو. لەبەرئەوەی بە وڵاتیشا نەگەڕێ کۆشکێکمان بۆ تەرخان کردوویت کە دیوانی قازی بێ و خۆشت هەر لەوێ بژیت. پیاوی لەخواترسیشم کردووە بە یاریدەدەرت.
دەروێش/ یاریدەدەرەکەم زەینەڵ ئاساییە.
پاشا/ (بە تووڕەییەوە) زەینەڵ مرد و ڕۆی. ئێستا زاڵ پاشا هەیە زاڵ پاشا.
دەروێش/ باشە ئەی نەئەبوو پرسێك بە خۆم بکەیت.
پاشا/ گوێ بگرە دەروێش. من پاشای ئەم وڵاتەم و، کە بڕیارێکم دا پاشگەز بوونەوەی نییە. دڵنیاشم لەوەی کاتێ وڵات پێویستی پێت بێ خۆتی لە پێناوا بەخت ئەکەیت. یان ئێوە ئەتانەوێ لە ماڵەوە دانیشن و خۆشتان بە دڵسۆزی میللەت لەقەڵەم بدەن؟!. ئەی لە خۆتان ناپرسن من بە تەنیا چیم پێ ئەکرێ؟.
ئەمین/ دەروێش، پاشا ڕاست ئەکا. خۆ ئەبێ ئێمەش پاڵپشتی بین و نەهێڵین دوژمن زەفەری پێ بەرێ.
پاشا/ بۆیە عەزیزم کردووە بە وەزیر، چونکە خۆی لە بازاڕا گەورە بووە و هەموو سڕ و تڕی ناوبازاڕ ئەزانێ.
وەزیر/ ئۆباڵ بە گەردنم وایە.
پاشا/ ئەوی پێویستە بیزانین ئەوەیە، کە دوژمن وەك مێرووله دەوری دەوڵەتەکەمانی داوە.
شاعیر/ یەعنی چی؟. دەورمان بە دوژمن گیراوە؟
پاشا/ بەڵێ. دەورمان بە دوژمن گیراوە. بەڵام هێشتا هێرشیان نەکردووەتە سەرمان. لەگەڵ ئەوەشدا چاویان بڕیوەتە خێر و خێراتی نیشتمانەکەمان و ئەمڕۆبێ یا سبەی، هەر هێرش ئەکەن. خۆ ئێمەش نابێ چاوەڕوان بین تا هێرشمان ئەکەنە سەر. ئەبێ لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین و فرسەتی سەرکەوتنیان بۆ نەڕەخسێنین.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

موراد/ قسەكانت زۆر بەجێن. بەڵام چۆن خۆمان ئامادە بكەین؟. خۆ وڵات هەتا ئێستاش سوپایەكی پێكەوە نەناوە و سەرۆكێكی نییە.

پاشا/ چۆن نیەتی. من خۆم سەرۆكی سوپا و سەرۆكی پۆلیسیشم.

موراد/ ئاخر تۆ خۆت كەی لە مەسەلەی سوپا سەر دەرئەكەی.

پاشا/ گوێ بگرە دەروێش. مەسەلەی بەرگری لە وڵاتا ئەبێ لەژێر دەستی خەڵكێكی ئەمینا بێ. منیش بۆیە خۆمم كردووە بە سەركردەی سوپا و پۆلیس چونكە متمانە بە كەس ناكەم بۆ ئەو جێیە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو یاریدەدەرم بۆ خۆم داناوە.

موراد/ ئەوانە كێن..

پاشا/ یەكێكیان ژن برامە و ئەوی تریان ئامۆزام. پێكەوە گەورەبووین و لە دڵسۆزییان دڵنیام.

موراد/ بەڵام ئێمە شتێكی ترمان دەربارەیان بیستووە.

پاشا/ گوێ بگرە دەروێش. من خۆم ئەزانم چی ئەكەم. ئەگەر گومانت لە دڵسۆزی من هەیە، ئەوە بەرەو ڕوو پێم بڵێ.

موراد/ من وام نەوتووە و كەسیش گومانی لە دڵسۆزی تۆ نییە.

زەینەڵ/ بەهەرحاڵ. بڕیارم داوە مام ئەحمەدیش ببێ بە سەرۆكی كاسبكاران.

موراد/ سەرۆكی كاسبكاران چییە؟.

پاشا/ دەروێش. ڕۆژانی بەرەڵایی تەواو. ئێمە بۆ هەر كەسێك و هەر گروپێك، ڕێكخراوێك دائەمەزرێنین لە خۆیان بگرێ بۆ ئەوەی ماف و ئەركی سەرشانیان بزانن. ئێمە ئەبێ دەستمان بگاتە هەموو ماڵێك و هەموو هاونیشتمانییەك. بۆ ئەوەی زۆرداری بەربەست بكەین و ڕێ لە دوژمن و خۆفرۆشان بگرین.

ئەبێ ئێوە وەك ئەنجوومەنی میللی مانگی جارێك كۆببنەوە و لە گیروگرفتەكانی وڵات بكۆڵنەوە و هەر بڕیارێكتان دا بۆم بنێرن. ئەگەر بە چاكم زانی مۆری ئەكەم.

شاعیر/ یەعنی ئێمە هەموو شتێكمان لە دەستایە، تەنیا بڕیار نەبێ.

پاشا/ وایە.

موراد/ یەعنی ئەبین بە ڕەسمی دیوار.

پاشا/ دەروێش ئێوە تەنیا ڕووكەش ئەبینن، بەڵام من بە هۆی ئەو هەموو چاوەوە كە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوم كردوونەتەوە، زۆر شتی شاراوە ئەزانم كە ئێوە نایزانن. ئەمەوێ ئەوەش بزانن كە بڕیاری من وەك فیشەك وایە، كە دەرچوو گەڕانەوەی نییە. ئێستاش ئەتوانن بڕۆن و كاری خۆتان ئەنجام بدەن.

(شاعیر دەیەوێ قسە بكا. بەڵام پادشا دەستی بەرز دەكاتەوە. وەك بیەوێ بێدەنگی بكا. ناچار دەچنە دەرەوە و وەزیر دەمێنێتەوە)

وەزیر/ قوربان كاتبی دیوان بەشێكی‌تری لە مێژووی ژیانی جەنابتان نووسیوەتەوە و ئەیەوێ خۆتان پیایدا بچنەوە.

پاشا/ وەزیر ئێستا وەختی ئەوە نییە. كاری ترمان زۆرە و مێژووی ژیانی منیش لە ئێستاوە دەست پێ‌ئەكا. تۆ سەرۆكەكانی چاودێر و چاوگێڕ و چاوشكێن و چاودارم بۆ بنێرە و خۆت بڕۆ بە لای كارتەوە و بیرت نەچێ كۆبوونەوە بە سەرۆكی ئەنجوومەنی گەڕەكەكان بكەیت و چاویان لێ سوور كەیتەوە. تێیان بگەیەنە ئەوی لەگەڵمان نەبێ، دژمانە. تۆڵەی ئێمەش وەك ئەوانەی پێش خۆمان نییە. ئێمە قامچی و فەلاقەمان نییە. لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێناوی میللەتا، هەرکەسێ بە دوژمن بزانین خۆی و خاو و خێزانی لە بن ئەهێنین و بە ڕەچەڵەکیا ئەچینە خوارەوە. ئێستا چوویتە ئەودیو ڕاوێژکارم بۆ بنێرە.

وەزیر/ (سەر دادەنەوێنێ) فەرمانی جەنابتانە.. (دەچەمێتەوە و دەڕوا)

پاشا/ (بەتەنیا) ئەبێ سەرکردە و فەرمانڕەوا ئاوا بێ. شەرت بێ ئەم ناوچەیە بکەم بە ماستی مەییو. نا، نا. ماستی مەییوی چی؟! ئەم گۆمە ئەشڵەقێنم. ناهێڵم کەس فریا بکەوێ بیر لەخۆی بکاتەوە. ڕاوێژکار ڕاست ئەکا، ئەگەر میللەت بە شتێکەوە خەریك نەکەیت، ئەکەوێتە گێرەشێوێنی و یاخی بوون. ئەبێ میللەت هەمیشە لە حاڵەتی بەرگریا بێ، نەك هێرش.

حاجب/ (دێتە ژوورەوە و کوڕنووش دەبا) جەنابی پاشای مەزن. جەنابی ڕاوێژکار دەیەوێ بێتە خزمەت جەنابی پایە بڵندتان.

پاشا/ با بێت.

(حاجب دەڕوا و ڕاوێژکار دێتە ژوورەوە و سەر بۆ پادشا دادەنەوێنێ)

ڕاوێژکار/ سڵاو لە پاشای مەزن و قارەمانی هەموو ڕۆژگارێك.

پاشا/ سڵاو.. ئادەی بزانم چی ئەزانی دەربارەی پاکسازی و چی بکەین چاکە؟.

ڕاوێژکار/ قوربان بمبەخشە ئەگەر لە جەنابی پایە بەرزتان بپرسم. مەبەستتان لە پاکسازی لە وڵاتا. یان لە فەرمانڕەواکان.

پاشا/ ئافەرین. لەوە ئەچێ کاری خۆت بزانی و زیرەکانە لە مەسەلەکان گەیشتبی.. ئەزانی بۆچی ڕاوێژکاری پێشووم بە خاووخێزانەوە لەناوبرد؟. چونکە بێ ئەوەی من پرسیاری لێ بکەم، ئەو ئەهاتە جواب و ئامۆژگاری ئەکردم. لە هەموو گەورە و بچووکێکدا هەڵی ئەدایە..

ڕاوێژکار/ قوربان کاری ئێمە ئەوەیە. لەبەر ئەوەی جەنابتان کاتتان کەمە و کارتان زۆر، ئێمە لەجیاتی ئێوە هەرچی کتێب و دەستنووس هەیە ئەیخوێنینەوە و شیی ئەکەینەوە، بۆ ئەوەی کە جەنابتان ئارەزووتان کرد پرسیارێك بکەن، ئێمە ئامادەبین بۆ وەڵامی پڕبەپڕی پرسیارەکە بێ زیاد و بێ کەم. ئێمە قەد حەدی ئەوەمان نییە ئامۆژگاری جەنابتان بکەین.

پاشا/ بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانیت کە تۆ تەنیا کەسیت هەقی ئەوەت هەیە بە بێ ترس وەڵامی هەموو پرسیارەکانم بدەیتەوە.

ڕاوێژکار/ قوربان سەرم لە ڕێتانایە.

پاشا/ ئادەی بزانم. چیت ئامادەکردووە دەربارەی فەرمانڕەوایی و پاکسازیی لە ناو میللەت و لە حوکما..

ڕاوێژکار/ (کاغەزێکی لوول کراو لە گیرفانی دەردەهێنێ و جاروبار سەیری دەکا)

قوربان وەك وتمان سەرۆك و لێپرسراوانی ئەنجوومەنەکان ئەبێ لەو کەسانە بن کە باووباپیری خۆشیان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیانا ئەفرۆشن. بەڵام ئەوانەی لێپرسراوی چاودار و چاوگێڕ و چاودێر و چاوشکێنەکانن ئەبێ لەو کەسانە بن کە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە پەیوەندیان بە نەریت و ڕەوشتەوە نەبێ. پێویستە دز و حیز و تاوانبار بن. (قوربان بمبەخشە لەو ناووناتۆرە ناشیرینانە، بەڵام ئەوانە هیچی تریان بۆ بەکار نایەت). قوربان ئەبێ ئەوانە ئەوەندە بە زەبر و زەند و بێ ویژدان بن، کەس نەوێرێ لە ئاستیانا سەر هەڵبڕێ. بکوژ و بڕ خۆیان بن. بێ ئەوەی بزانرێ کە جەنابتان ئاگاداری تاوانەکانیانن. ئینجا لەگەڵ ئەو دەستە باڵایەشیان نابێ بۆیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەبێ لە ئاستی جەنابتانا چاو هەڵهێنن. جاروباریش ئەبێ لەبەرچاوی خەڵکی بیانشکێنن و خەڵکی چەند لەوان ئەترسن. ئەوانیش دە ئەوەندە لە ئێوە بترسن.

پاشا/ تۆ جاری پێشوو پێشنیارت کرد باج کەم بکەینەوە و ئێستاش ئەتەوێ دەسەڵات بدەین بەو نەفرەت لێکراوانە. ئینجا خۆ ئەگەر وابێ هەموو سەروەت و سامانی میللەت و خەزێنەی دەوڵەتیش ئەچێتە ورگی ئەوانەوە.

ڕاوێژکار/ قوربان ڕاستە میللەت باج کەم ئەدەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەو ڕێکخراوانە لە ژێر دەستی جەنابتانا ئەبن و زۆربەی ئەو کارانەی ئەنجام ئەدرێن، لە ژێر ناوی نیشتمان و نیشتمان پەروەریدایە. یەعنی هەموو ئەو هەرەوزیانە بە خۆڕایی و لە پێناوی نیشتمانا ئەکرێن. ئەوانی تریش با هەر کۆکەنەوە. زێڕ و زیو کۆکەنەوە لەوە چاکترە خەڵکی لە دەوری خۆیان کۆکەنەوە، ئەمیان مەترسی کەمترە. هەرکاتێکیش هەستتان کرد وڵات و خەزنە پێویستیان بە ماڵ و سامانە، ئەوە دەوڵەمەندترینیان بە ناوی خیانەت و لەسەرئەوەی ئازاری خەڵکی بێ گوناهی داوە لە ملی ئەدرێ و دەست بەسەر ماڵ و سامانیا ئەگیرێ. ئەمەشیان لە لایەك خەڵك ڕازی ئەکا و لە لایەکی تریشەوە خەزنە پڕ ئەکاتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە زەندەقی ئەوانی تر ئەبا. ئەمە وا لە ڕێکخراوەکانی چاودێر و چاوگێڕ و چاوشکێن و چاودار ئەکا بن بە سیخوڕ بەسەر یەکەوە و هەریەکەیان لەوی تر بترسێ. ئەوی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کەسیان متمانە بەویتریان نەکەن. ئەبێ پێشبڕکێ بکەن بۆ ڕەزامەندی جەنابی پایەبەرزتان.

پاشا/ (دەستی بەرز دەکاتەوە) بەسە بەس. تۆ بەڵای، بەڵا. من لە تفەنگ و شمشێر ناترسم. تەنیا لە بیر و مێشك ئەترسم. سەرێك وەك تۆ بیر بکاتەوە. لەبەرئەوە تۆ تەنیا لەگەڵ دوو کەس بۆت هەیە دانیشی.. لەگەڵ کاتبی دیوان بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکەیت لە نووسینەوەی مێژووی وڵات و مێژووی ژیانی ئێمە. با نەکەوێتە هەڵەوە. دووەم کەسیش کە بۆت هەیە لەگەڵی بدوێی منم.. من و کەسی تر. چونکە زمانی تۆ زۆر ترسناکە. بۆت نییە بە هیچ شێوەیەك، ئەم کۆشکە بەجێ بهێڵی تەنیا بە مەرەخەسی تایبەت نەبێ. ئەویش لەگەڵ پاسەوانی تایبەتی خۆما.

ڕاوێژکار/ فەرمانی جەنابتانە.

پاشا/ فەرموو بڕۆ (ڕاوێژکار سەر دادەنەوێنێ و دەڕوا) سەیرە، ئەم کابرایە چۆن بیر ئەکاتەوە و چۆن ئەم هەموو چڵکاوەی لە مێشکیا حەشارداوە. ئینجا دڵنیام لەوەی کەس ناتوانێ لە کورسی حوکم نزیك بێتەوە و من پاشای ئەم وڵاتە ئەبم هەتا هەتایە.

-تاریکی-

-ناوبازاڕ-

جاڕچی(١)/ (بە شاردا دەگەڕێ و بە دەنگی بەرز جاڕ دەدا و، منداڵێکیش بەسەر شانی زەلامێکەوەیە)

هاونیشتمانیە بە شەرەفەکان. ئامادەتان بە نادیاری ڕاگەیەنێ. کۆمەڵێ بڕیاری شۆڕشگێڕانەی سەروەری لە پاشای مەزن و پایەبڵندمانەوە دەرچووە و گوێی بۆ شل کەن و ملی بۆ کەچ کەن.

یەکەم/ ئەم منداڵە نیشتمان پەروەرەی بە خۆشەویستی شای شاهان و سەرۆکی فەرماندەی هەتاهەتاییمان "زاڵشا" خوا بۆ ئێمەی بهێڵێ (چەپڵە) پەروەردە کراوە. خەبەری لە باوك و برا گەورەکەی خۆی داوە کە چارەی پاشای مەزنمانیان نەویستووە و لە ماڵی خۆیانا دژی پاشا و نیشتمان دواون. بۆیە بڕیار دراوە ئەم منداڵە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەوشت بەرزە بکرێتە نموونە و هەرچی خواستی هەیە بۆی جێبەجێ بکرێ. باوك و برای دوژمن بە گەل و نیشتمانیش لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانیان بە سزای شیاوی گەل ئەگەن.

دووەم/ خانوویەکی دوو نهۆمی خەڵاتی عارفی چەخماخساز و ساڵحی ئاسنگەر کراوە کە پێکەوە تۆپێکیان دروست کردووە. ڕۆژی نیوەڕۆ لە دوژمنان ئەکا بە شەوی دەیجوور و کونە مشکیان لێ ئەکاتە قەیسەری.

(دوابەدوای ئەو جاڕچییەکی ئافرەت پەیدا دەبێ لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەو، ئەمیان دەست پێ دەکا)

جاڕچی(٢)/ سەرۆکی ئافرەتانی سەرجەم وڵات، عەبیر خانمی خێزانی شای شاهان و تاجی سەرمان زاڵشا (چەپڵە) ئەم بەیانە بە هەموو ئافرەتانی وڵات ڕائەگەیەنێ:

خوشکانی تێکۆشەر و بڵێسەی خەباتی گەلەکەمان:

کوڕ و برا و مێرد و باوکانمان لە بەرەکانی جەنگ و لەسەر سنوور، وەك پاڵەوانی سەردەم بە سەرکردایەتی پاشای هەتا هەتاییمان "زاڵشا". خوا بۆ ئێمەی بهێڵێ (چەپڵە) بەرەنگاری دوژمن بوونەتەوە و بەوپەڕی دڵنیاییەوە شەرەفی وڵات ئەپارێزن و، سوێندیان خواردووە، ڕەگ و ڕیشەی دوژمنانمان لە بێخەوە هەڵکێشن. ئێمەش، ئێمەی دایك و ژن و کچ و خوشکی ئەو پاڵەوانە دلێرانە ئەبێ دەوری خۆمان ببینین. جلوبەرگی سوپا بدروین، پێویستیەکانی جەنگ ئامادە بکەین، بریندارەکان تیمار بکەین بە زێڕ و زیو و پارە هاوکاری بکەین. پاڵپشتیان بین و چاوێك بکەین بە چوار بۆ ئاشکراکردنی گێرەشێوێن و دوژمنانی گەل. ئەگەر لە خێزانی خۆشمان بن. چونکە خۆشەویستی نیشتمانمان لە پێش خۆشەویستی خێزان و کەسوکارەوەیە.

(دەڕوا.. لە کاتی خوێندنەوەی بڕیارەکان و بەیانەکە. هەرکەسە لە جێی خۆی ڕەق دەبێ و پێیانەوە دیارە کە دەترسن و لە هەموو ناو هاتنێکی پاشادا چەپڵە لێ دەدەن و بە ئاشکرا دیارە کە هەر کەسە دەیەوێ واپیشان بدا کە دڵسۆزی پاشایە. لەو کاتانەشدا بەردەوام چەکدار دەبینین بە جلوبەرگی سوپاوە هاتوچۆ دەکەن و جاروبار خەڵکیش ڕادەگرن بۆ پرسیار کردن و لێپرسینەوە. ئەم دیمەنە تەنیا ئافرەت و پیر و پەککەوتەی تیا دەردەکەوێ. بێجگە لە چەکدارەکان و ئەو لاوەی لە کۆتایی دیمەنەکە دەردەکەوێ).

ژن/ (دێتە سەر شانۆ و، وەك شێت دەزریکێنێ و هاواردەکا..) پیاوە ئازا و جوامێرەکانی شار. بچنە بەر مەیدانی کۆشك. خێراکەن لە کیستان ئەچێ.. پێنج خونچەی نەپوشکوتوو گوللە باران ئەکرێن. بچن سەیرکەن و چەپڵە لێدەن. دوێنێ جەرگی من و ئەمڕۆ هی یەکێکی کە و، سبەی جەرگی ئێوەش گوللە باران ئەکرێ. بڕۆن سەرچۆپی بگرن. شاباشی پیاوکوژان بکەن. کسپەی دڵ و جەرگی سووتاوی دایکان بە خۆڕایی دابەش ئەکرێن. فریاکەون (خەڵکەکە گوێ لەو ئافرەتە دەگرن، ڕاتە ناوێرن لێی نزیك ببنەوە، بەڵام قسەکانی وەك بزمار بە دڵیانا دادەکوترێ و کە پشتیشی تێ دەکەن هەر دڵیان لایەتی، ئینجا ئافرەتەکە وەك مەلۆتکەی لە باوەش گرتبێ، بە دەنگێکی بەسۆز دەکەوێتە لای لایە..)

هە لایە لایە ڕۆڵەی لای لایە — کوڕی شیرینم بۆ خەوت نایە
ئەم ناڵە ناڵە، هیوای مەرگمە — قرچەی هەناو و، کزەی جەرگمە
لەشی بە گوللە بێژنگ کراوت — بنێ سەر کۆشم. لێك نێ چاوانت
کوڕم سوێند ئەخۆم بە دەنگی دوورت — سرودێ بچڕم بۆ بەرگی سوورت
تۆفان بەرپاکا. زریان و تەرزە — کۆشکی زۆرداران بێنێتە لەرزە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(لـەم کاتـەدا چـەند کەسـێك دەیگـەنێ و قۆڵبەسـتـی دەکـەن و خەڵکەکـەش لـە ترسـی چـاوی بـزی جاسـووس هەریەکەیان بەشێوەیەك فرمێسکەکانیان دەسڕن و، ناوێرن گریانیان ئاشکرا بکەن. ئافرەتەکە بەکێش دەکەن و ئەویش هەر دەزریکێنێ، تا لە چاو ون ئەبن)

یەکەم/ (یەکێك لەو خەڵکە) ئەوە شێتێکی تریشمان زیاد کرد.

دووەم/ کوڕە بابە شێتی چی؟! جەرگی سووتاوە. ئەڵێن مانگێ لەمەوپێش کوڕەکەیان گوللەباران کردووە.

یەکەم/ بە خۆڕایی کەس گوللەباران ناکەن.

دووەم/ لەوە ئەچێ تۆشیان کڕیبێ. ئەگینا کێ هەیە نەزانێ چی لەو خەڵکە ئەکرێ. من دڵم خۆش بوو وتم تێکۆشەرە کۆنەکان وەك پۆڵا وان و ئاگری زۆرداری نایان توێنێتەوە.

یەکەم/ براکەم من نە تێکۆشەرم و نە پاڵەوان. تکات لێ ئەکەم شەڕم لێ لادە.

دووەم/ باشە براکەم باشە. بەس تو ئەوخوایەی بە هەقی ئەناسی، ئەم قسانەم مەگەیەنە جێی خۆی. با تووشی بەزمێ نەبم.

یەکەم/ من؟

دووەم/ وابزانە هیچم نەوتووە.

یەکەم/ بەخوا برا ناهەقت نییە بترسیت. پیاو لەماڵی خۆشیا ناوێرێ هیچ بڵێ. کەس باوەڕی بە کەس نەماوە.

دووەم/ عەباس گیان ناهەقمان نییە. ئەوەتا کەسمان ناوێرین ناوی ئەویترمان بڵێین تا ئەو ڕۆژانەمان بیر نەکەوێتەوە کە وەك پۆڵا بەربەستی لافاومان ئەکرد. ئەوی نەترسێ ناخەلەسێ. ئەوەتا ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵك بەکێش ئەکرێن و، ژن لە مێرد و کوڕ لە باوك و برا لە برا خەبەر ئەدا.

یەکەم/ چاوت لێیە یوسف. ناهەقم نییە کە ناوێرم دەردی دڵم هەڵڕێژم. ئەگینا کێ هەیە شەرەفی هەبێ و بەم ڕۆژە ڕەشە ڕازی بێ (لە هەموو قسەکانیدا سەیری ڕاست و چەپ دەکا و بە ترسەوە دەدوێ) باوکم هەرچی مزگەوت و حوجرەش هەیە کردوویانە بە بەندیخانە. وڵاتەکەیان لێ کردووین بە دۆزەخ. هەرچی گیانلەبەر هەیە بە سوخرە گیراوە و ئەکرێن بە خۆراکی ئاگری جەنگ. سەد خۆزگەمان بە کفن دز. باوکم وەختی خۆی ئەیانگرتی و دوو شەق و دوو زللەیان تێ ئەسرەوانی و مەرەخەسیان ئەکردی. ئێستا کە ڕۆیشتی ئیتر گەڕانەوەت نییە.

دووەم/ نەموت عەباس گیان. بە چاوتا دیاربوو لەم ڕۆژگارە ناڕازیت. دە فەرموو پێشم کەوە.

یەکەم/ (ترسی لێ دەنیشێ) بۆ کوێ؟!

دووەم/ بۆ ئەو شوێنەی گەڕانەوەی نییە.

یەکەم/ بۆ؟. من چیم وتوە؟.

دووەم/ بەشتا ماوتە وێرانی کەی؟ ئەتەوێ لەوە زیاتر چی بڵێی؟

یەکەم/ کوڕە یوسف بیکە بە خاتری ئەو ڕۆژانەی وەك برا بەسەرمان بردووە. تۆ خۆت ئەزانی ڕەوەیە خێزانم بەسەرا کەوتووە. خوا لێت هەڵناگرێ. هیچ نەبێ بمبەخشن بەو کوڕەم کە شەهید بووە و ژنێك و دوو منداڵی بەسەرا بەجێ هێشتووم.

دووەم/ چەنەبازی ناوێ. فەرموو پێشم کەوە و ئەم قسانەش لەوێ بکە. ئەبێ ئەم وڵاتە پاك کەینەوە لە گێرەشێوێن و خۆفرۆش.

یەکەم/ من خۆفرۆشم؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(دەیەوێ خۆی دەرباز بکا، بەڵام دووەم هەر ڕێی لێ دەگرێ و لە کۆڵی نابێتەوە تا دەیدا بە زەویدا و، لەولاوە لاوێك پەیدا دەبێ و عامبازی سەری دووەم دەبێ و بە خەنجەرێك لە جێی خۆی خپی دەکا. یەکەم ترسی لێ نیشتووە و حەپەساوە. دووکاندار و خەڵکی بە پەلە ئەو ناوە چۆڵ دەکەن. دووەم دەگلێ و)

لاو/ ئەم خۆفرۆشانە ئەبێ دۆزەخ جێیان بێ. وەرە لەگەڵم دەرچۆ..

(یەکەم لەگەڵ خۆی بەکێش دەکا)

–تاریکی–

–کۆشکی پاشا–

(زەینەڵ و عیبرەت. ئێستا ناویان زاڵشا و عەبیرخانمە)

پاشا/ کچێ عیبرەت ئێمە پیر بووین و...

شاژن/ (قسەکەی پێ دەبڕێ) عەیبە ئەوەندە عیبرەت بەکارئەهێنی. حەز ئەکەی من پێت بڵێم زەینەڵ؟.

پاشا/ جارێکی تر ئەو ناوە لەسەر زمانت ببیستم. زمانت لە مەڵاشووتەوە دەرئەهێنم.

شاژن/ ئێ ئاخر منیش وەك تۆ پێم ناخۆشە. ئێمە زاڵشا و عەبیرخانمین گیانەکەم.

پاشا/ مێژوونووسی وڵات نووسیویەتی هەردووکمان میرزادەین و لە بناغە و ڕەچەڵەکەوە هەر حوکممان کردووە و باو و باپیرانمان میری میران بوون. ئێستاش جەنابت ئەتەوێ زەینەڵم بیر بهێنیتەوە؟

شاژن/ ئیتر نایڵێمەوە. بمبەخشە.

پاشا/ ئەم وڵاتە تەنیا دوو زمان درێژی تیا ماوە کە زمانیانم بۆ نابەسرێ و بوون بە تەوق لە گەردنما.

شاژن/من و دەروێش موراد

پاشا/ بەڵێ.. تۆی زمان درێژ چونکە هاوبەشی ژیانی نەبوونی و یادگاری ڕۆژانی لاویمی و، دەروێش مورادیش ئەمەوێ ماڵی و دەستەمۆی بکەم. ئەویش شایەتی ڕۆژانی ڕەش و قاتیمە و ئەمەوێ پێش کوشتنی بە زەلیلی ببینم. هەرچەندە باوەڕ ناکەم بتوانم زەلیلی بکەم. چونکە جێیەکی تایبەتی هەیە لە دڵما و، خۆشم تێناگەم بۆچی ئەمەوێ بیسەلمێنم کە من لەو چاکترم.

شاژن/ لەوەش چاکتر؟. لە بەیانیەوە لە هۆڵی میوان دانیشتووە و چاوەڕێی ئەوەیە ڕێگای بدەی بتبینێ. ئەی ئیتر لەوە زەلیلتر ئەبێ؟.

پاشا/ عەبیر تۆ نایناسی.. ئەم کابرایە ئەوەندە بە خۆی ئەنازێ. کوڕە بابە لە مردن ناترسێ. ئێ خۆ منیش لەوە زیاترم لە دەستا نییە. بەتایبەت بۆ ئەوێك ئەڵێی لە دیوار دەرپەڕیوە. نەماڵێ و منالێ، نە کەسوکارێ..

شاژن/ تۆ وا ئەڵێی؟. تۆیەك نەك هەر وڵاتی خۆمان. ترست خستووەتە دڵی وڵاتانی دەوروبەریشەوە و، لە هەر شوێنە پیاو و دەستوپێوەندت هەیە. تەنانەت سوڵتانیشت کردووە بە موستیلە و کردووتە پەنجەت.

پاشا/ ئاخر ئافرەت ئەزانی ئەو موستیلەیەم چەند لەسەر گران کەوتووە؟!. حەیف کە ناتوانین بە ئاشکرا ئەو فرت و فێڵە بخەینە ڕوو. هەر ئەبێ بە شارراوەیی بمێنێ. ئەگینا لە مێژووی پیلانا بە زێڕ ئەنووسرایەوە. لە هەموو شتێ گرنگتر ئەوەیە کە تەنیا پیلانی خۆم بووە و نە ڕاوێژکاران و نە کەسی تریش بەشداییان لە دانانیا نەکردووە. ئافرەت ئەگەر وام نەکردای و قەرزار بارم نەکردایە، چۆن ڕێگای ئەدا ببم بە پاشا؟. ڕاستە ئێمە ئێستاش هەر دیاری و باجی بۆ ئەنێرین بەڵام پاشا لەکوێ و والی لە کوێ.

شاژن/ ئەم لەقەبی پاشاییە خوێنی زۆر کەسی ڕشت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشا/ ئافرەت خوێن هەر ئەڕژێ. ئەوانە بەوە بووایە و بە شتی تر بووایە، هەر تیائەچوون تۆ بلێ پارە و زێڕ و زیوی زۆر تێچوو.

شاژن/ ئەوانەش هەمووی زێڕ و زیوی باش بازرگان بوون.

پاشا/ لەوە ئەچێ شت زۆر بزانیت.

شاژن/ ئەی خۆت بۆت باس نەکردووم؟. باش بازرگان نهێنی زۆری لە سنگدا بوو. ئەبوو لەگەڵ خۆی بیباتە ژێر گڵ.

پاشا/ بێجگە لەو هەموو سەروەت و سامانەی بۆ دەوڵەتیشی بەجێ هێشت.

شاژن/ دەوڵەت؟

پاشا/ ئەی بێ ئەقڵ وائەزانی من دەوڵەت نیم؟. دەوڵەت یەعنی من. گوایە تۆ نیتە؟!.

شاژن/ ناچارم. ئەی گوایە دوای بەشداری ئەو هەموو پیلان و بەزمە دەست بەتاڵ بم؟!

پاشا/ کچێ ئافرەت ئەوەی تۆ کردووتە و ئەیکەی دڵۆپێکن لە دەریا. پاش ئەوە لە هەموو شتێکا بەشی تۆی تیایە. لەو لەقەبی پاشاییەش تۆ بووی بە شاژن.

شاژن/ بەخوا قەد عەزیزەم بیر ناچێ. وەك سەگی بە وەفا بەردەرگای گرتبووم و هەرچی کاری خراپ بوو بەوم ئەنجام ئەدا. پاداشتەکەشی ئەوەبوو کوشتمان.

پاشا/ ئافرەت ئەوی نهێنی بزانێ ئەبێ بکوژرێ.

شاژن/ نهێنی چی؟ پیلانی ژەهر دەرخواردانی سوڵتان لە خۆمانەوە نەبوو؟

پاشا/ بێ ئەقڵ، ئەگەر ئەو نهێنیە لای عەزیزە بمایە ئیسراحەتمان نەئەکرد. ئەی ئەو چەتیوەکەی ئامادە نەکرد نەینارد بۆ کۆشکی سوڵتان دەرمانخواردی کا؟

(خەیاڵ دەیباتەوە و وەك بیەوێ بە شانازیەوە قسە لەگەڵ خۆیدا بکا) پیلانێکی گەورە بۆ کوشتنی سوڵتان. یان دەستەمۆکردنی سوڵتان. جارێك بە هێرشی چەکداری و جارێك بە ژەهر. هەردوو جارەکەش لای ئێمەوە ئاشکرا کرا و سوڵتان لە مردن ڕزگار کرا و پیلانەکانیش هەر هی خۆمان بوون. بەڵام ئەوانەی پێ ی هەڵئەسان و بەجێیان ئەهێنا هیچیان ڕاستیی مەسەلەکەیان نەئەزانی و پەیوەندییان بە ئێمەوە نەبوو. هەندێکیان بە ناوی نیشتمان پەروەری و هەندێکیان بۆ پارە. ئەنجامەکەشی، باش بازرگان و پیلانگێڕەکان و پیاوە نزیکەکانی سوڵتان –کە نەیانتوانیبوو پیلانەکان ئاشکراکەن– هەموو بۆ گڵ. منیش بۆ سەر کورسی پاشایەتی (وەك بێتەوە هۆشی خۆی) ئافرەت کورسی هەموو پیاوێکی مەزن لەم دنیایە خوێنی لێ ئەتکێ. کەڵەکەبازی و پیلان و کوشتن و بڕین بناغەی حوکمن. فەرمانڕەوای ڕاستیی حوکمی کورسیەکەی ئەکا، نەك کورسیەکەی حوکمی ئەو بکا.

شاژن/ ئەوی ڕۆی ڕۆی. ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە. من ئەبێ بڕۆم چونکە پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هەموو ئافرەتانە بۆ پیتاك کۆکردنەوە و کارکردن. منیش قسەی تیا ئەکەم. ئەبێ ڕاوێژکار هەموو قسەکانم پێ لەبەرکا. با نەبین بە گاڵتەچی.

پاشا/ زۆر چاکە بڕۆ. بەڵام ئافرەت بیبیستمەوە قسەی هەلەق و مەلەقت کردبێ لە عەبیرخانەوە ئەتکەمەوە بە عیبرەتە ڕشکن.

شاژن/ فەرمانی جەنابتانە جەنابی شاشووتی (دەڕوا).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشا/ (پێدەکەنێ) ئەم چەتیوە ببێ بە ژنی سوڵتانیش لە قسەی قۆڕی خۆی ناکەوێ (بانگ دەکا) حاجب (حاجب دێت و دەنوشتێتەوە) با قازی یەکەم بێتە ژوورەوە (حاجب دەنوشتێتەوە و دەڕوا) ئینجا کەفوکوڵی دەرویش موورادیش دامرکێنینەوە.

حاجب/ (دێتە ژوورەوە. هەر لەبەردەرگاوە دەچەمێتەوە) قوربان، جەنابی قازی یەکەم (موراد دێتە ژوورەوە. حاجب دەنوشتێتەوە و بە ئیشارەتی پادشا دەڕوا)

موراد/ سڵاوتان لێ بێ

پاشا/ سەد سڵاو لە قازی یەکەمی وڵات

موراد/ کام قازیە؟ ئەوەی هیچی بەدەست نییە؟.

پاشا/ یەعنی چی؟. ئەگەر قازی یەکەمی وڵات هیچی بەدەست نەبێ کێ بەدەستی ئەبێ؟. خۆ تۆ تەنیا کەسی لە وڵاتدا کە کەس ناتوانێ بەرامبەری بکۆکێ. یەعنی تۆ خۆت نازانی تەنانەت وەزیر و سەرکردەکانیش ناتوانن بەرامبەر پیاوە تایبەتیەکانی خۆم چاو بەرزکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ڕێگایان نادەیت لەبەر دەرگاکەشت بوەستن، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە ڕووی خۆشمدا هەموو قسەیەك ئەکەی و لەگەڵ ئەوەشدا کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتووی. ئەوەندەی ناز بە تۆ دراوە لەم وڵاتەدا بە کەس نەدراوە. هەتا ئێستا تەنیا یەك حوکمیشت نەداوە لە منەوە ڕەت کرابێتەوە.

موراد/ جا بۆچی دادگای تایبەتی تۆ ڕێگا ئەدا من ئیشی خۆم بکەم. هەر خەڵکە و ئەکرێن بە پەتا و دەستڕێژ ئەکرێن و من ئاگا و خەبەریشم لێ نییە.

پاشا/ قازی. ئێمە لە کاتی جەنگداین و پێویستمان بەو دادگا تایبەتیانە هەیە.. ئەی ئەگەر وانەبێ ئەم هەموو خەڵکەم چۆن لە مەیدانی شەڕ بۆ دابین ئەکرێ. بە هۆی ئەوانەوە و لە ترسی ئەوانە کە توانیومانە سنوورەکانمان بپارێزین.

موراد/ سنووری چی ئەپارێزن؟. خۆ دەیان فرسەق چوونەتە زەوی وڵاتانەوە.

پاشا/ ناچارین. لە پێناوی ئاسوودەیی خۆمانا لە سنووریان دوورخەینەوە. ئەو مەسەلانەش تەنیا من ئەتوانم بڕیاریان لەسەر بدەم. من خۆشم تێناگەم بۆچی لەگەڵ تۆدا ئەوەندە نەرم و لەسەرخۆم. تا ئێستا بێجگە لە تۆ، کەس ڕێگای نەدراوە لە کاروباری وڵاتا هەڵباتێ، بێ ئەوەی خۆم داوای لێ بکەم. تۆ تەنیا کەسیت کە قسەم لێ ناخۆیتەوە و هیچیشت بەرامبەر ناکەم. نازانم بۆچی ئەمەوێ تۆ ڕازی بکەم..

موراد/ بۆ نازانیت؟ لەبەرئەوەی تەنیا کەسم مێژووی ڕابوردووتم وەك دەفتەر لەبەردەستدایە.

پاشا/ خۆی ئەوە گەورەترین هۆیە بۆ لەناوبردنت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرم لە ئازاردانت نەکردووەتەوە.

موراد/ ناتەوێ بە پێوە بمکوژی. ئەتەوێ بمخەیتە سەرچۆك ئینجا لەناوم بەری. چونکە خۆت چاك ئەزانیت کە من بە ئاسانی دەستەمۆ نابم و بە ئاسانی بیروباوەڕی خۆم نافرۆشم و ئەمەوێ بە پێوە بمرم نەك لەسەر ئەژنۆ بژیم.

پاشا/ نا.. دەرویش.. وانییە. مەسەلەکە لەوایە، ئەمەوێ پێت بسەلمێنم و بۆت بسەلمێنم کە هیچ هێزێك نییە بتوانێ بەربەستی حوکم بکا و ئەوی سەرکەشی و سەرپێچی بکا وەك بەفری سەر ئاگر. نەك هەر ئەیتوێنمەوە، بەڵکو ئەشیکەم بە هەڵم.

موراد/ ئاشی ڕۆژگار زۆری هاڕیوە و زۆر ئەهاڕێ..

پاشا/ ئەمڕۆ ئێمە بەرداشین. گرنگ ئەوەیە جڵەوی وڵاتمان لەدەست نەچێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

موراد/ جاسووسەکانیشت کەڵکیان نەماوە و هیچیان دەسگیر نابێ، خەڵکەکە ئەوەندە ترساون لە ماڵی خۆشیانا ناوێرن باسی هیچ بکەن.

پاشا/ ئێمە ئەوەمان ئەوێ، کەس متمانە بە کەس نەکا. من بۆم بکرایە هەرکەسەم لە پێستی خۆیا ئەکرد بە جاسووس بەسەر خۆیەوە.

موراد/ بەڵام جام کە پڕ بوو لێی ئەڕژێ.

پاشا/ گوێ بگرە دەروێش. تەنیا تۆم هەیت کە بتوانم چی لە دڵمایە بۆی هەڵڕێژم. خۆت ئەزانی دەوروپشتم بە خۆفرۆش و هەلپەرست تەنراوە.

موراد/ بەڵێ. بەڵێ. هەزارەها زەینەڵت لە دەورە.

پاشا/ هەموو دنیاش زەینەڵ بن، ڕێی ئەوە نادەم ببن بە زاڵشا. دەروێش ئەبێ ئەوە بزانیت کە ئێمە باشتر ئەو میللەتە ئەناسین لە ئێوە. ئێستا ئێمە زیندانەکانمان سیخناخ کردووە و جێی یەکێکی کەی تیا نابێتەوە. بەڵام سبەی بە بۆنەی یادی حوکم گرتنە دەستمەوە، زۆربەی زۆریان ئازاد ئەکەم. لە هەموو ماڵێکا ئەبێ بە شایی و هەڵپەڕکێ و هەموو دوعای خێرم بۆ ئەکەن. ئیتر کەس ناپرسێ کێ گرتوونی. ئەوەندەیان لەبەرچاوە، کێ ئازادی کردوون.

موراد/ ئەو میللەتەی تۆ ئاوا بە سووکی باسیان ئەکەی. سبەی وەك هەزارەهای پێش خۆت ڕات ئەماڵن و تەخت و تاراجت تێك ئەدەن. دیارە تۆ مێژووت نەخوێندۆتەوە و نازانی چەند زۆرداریان هاڕیوە.

پاشا/ ئەوەتا بە دەمی خۆت وتت. هەزارەها زۆرداریان ڕاماڵیوە. ئەگەر وانەبووایە، بە لەناوچوونی یەکەم زۆردار دنیا وەك ماستی مەییوی لێ ئەهات. بەڵام هەر زۆردارێ ئەهاڕن و یەکێکی تری ئەخەنە جێگا. با من پێت بڵێم ئەسڵی مەسەلەکە چییە. چونکە ئێوەومانان ناتوانن دەست بنێنە سەر دەردەکە. ئێوە هەر ئەوەندەتان لەدەست دێ خەڵك هاندەن و گێرەشێوێنی بکەن. بەڵام خۆشتان نازانن دەرمانی دەردەکە چییە. هەر پاڵەوان دروست ئەکەن و ئەیکەن بە کەڵەگا و زۆردار. کاتێ حوکمی وڵاتێك لەژێر دەستی یەك کەسا ئەبێ، کورسی حوکم ئەبێ بە کەڵەگا. زۆرکەس هەوڵی بۆ ئەدەن و، ئەوی لەسەریشی دانیشتووە بە هەموو هێز و توانا ئەیپارێزێ. ناچار ئەکەوێتە گیانی ئەوانەی مەترسیان هەیە و دوژمنایەتی ئەکەن. پاش ئەوانیش ئەکەوێتە گیانی ئەوانەی گومانیان لێ ئەکا. ئینجا نۆرە دێتە سەر ئەوانەی دۆستی نین. بەو شێوەیە دوژمنی بۆ زیاد ئەبێ و ئەوی دوای ئەویش ئەکەوێتە ناو یاریەکە و کوشتن، وەك تلیاك ئەچێتە خوێنیەوە و لە سەرەتاوە دەست پێ ئەکاتەوە. هیچ کەسێك نییە لە دنیادا بتوانێ فەرمانڕەوابێ و هەموو کەس لێی ڕازی بن. چونکە خۆی ئەزانێ کە حوکمی لەدەست چوو، ژیانی خۆی و خاووخێزانی لەکیس ئەچێ. لەبەرئەوە خوێن ڕشتن ئەبێ بە پیشەی ڕۆژانەی. تەنیا یەك ڕێگە هەیە بۆ ئەو حوکمەی تۆ خەوی پێوە ئەبینی و درکی پێ ناکەی. ئەویش ئەوەیە میللەت خۆی حوکمی خۆی بکا. ئەوانەی حوکم بەڕێوە ئەبەن میللەت هەڵیانبژێرێ. دەستوور و یاسایەکی وا دانرێ، کەس نەتوانێ ڕەتی بکاتەوە و کەسیش لە توانایا نەبێ بە تەنیا هیچ جێبەجێ بکا. ئەو کاتە و تەنیا ئەو کاتە کورسی حوکم ئەکەوێتە دەست زۆربەی میللەت و، کێ بە تەنگ میللەتەوە بوو، ئەو هەڵئەبژێررێتەوە. ناچار هەموو ئەکەونە خزمەتی میللەت و پێشبڕکێ ئەکەن بۆ ڕەزامەندیی بۆ ئەوەی بگەن بە کورسیی حوکم. ئەوی لە ڕێی دیاریکراویش لابدا، دائەگیرێ و یەکێکی تر ئەخرێتە جێی (موراد بە سەرسامیەوە گوێی بۆ قسەکانی شل کردووە، ئینجا پادشا دەست دەخاتە سەر شانی موراد و بە زەردەخەنەوە) بەڵام خەمت نەبێ. ئێمەومانان تا لە تواناماناا بێ، ناهێڵین ئەو خەوە بێتەدی.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

-تاریكی-

تەواو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com